# بۆپێشەوە

FORWARD

بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

ساڵی شەشەم ژمارە(121) بەرواری 15–5–2022 | بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە | مانگی دووجار، لە (١)و (١٥) هەموو مانگێکدا دەردەچێت




بەڕێز هۆشیار جەمال...
وەڵامی بە پرسی ڕۆژی
ئەم ژمارەیە
داوەتەوە....ل5

## وتەی ژمارە

# ئامانج لە گوشارەکانی بەغدا بۆسەر هەرێم!

عەبدولا مەحمود

تا دێت ململانێی دەسەڵاتی بەغدا و هەرێم توندتر دەبێت. بۆرژوازی عێراقی لە چوارچێوەی نەخشە و ئاسۆی گێرانەوەی هەژموونی بەسەر عیراقدا و بەرینکردنەوەی قەڵەمرەوی دەسەڵاتی حکومەتیدا، گوشارەکانی بۆسەر نەیارانی سیاسی و بەتایبەتیش بۆسەر دەسەڵاتی هەرێم رووی لە زیادی و بەرین بوونەوەیە.



لەگەڵ ئەوەدا هێشتا بۆرژوازی عێراقی توانای وەڵامدانەوە بە گرفتە بناغەییەکانی خۆی نییەو دەستەوەستانە لە پێکهێنانی حکومەت و وەڵامدانەوە بە سەرەتاییترین خواست و ویستەکانی جەماوەری عێراقی، بەڵام ئەمە بەمانای دەست هەڵگرتن لە نەخشەو ئاسۆ سیاسیەکەی نییە، کە دەیەوێت هەژموون و باڵادەستی دەوڵەت لەسەر ئاستی عێراقدا جێگیر بکات و کۆسپە سیاسی و ئەمنی و ئابوریی و دیبلۆماسی و سەربازییەکانی، وەلابنێت.

یەکێک لەو دۆسیانەی کە بۆرژوازی عێراقی دەیەوێت یەکلایی بکاتەوە، دەرهێنانی پرسی نەوت و غازە، لە دەستی دەسەڵاتی سیاسی هەریم. ئەم پرسەش بۆ دەسەڵاتی سیاسی لە عێراقدا، لە بنەرەتدا پرسێکی سیاسییەو رێگا هەرە کاریگەرەکەیە، کە دەتوانێت دەسەڵاتی سیاسی هەرێم لە توانایی بریاردان و بەڕێوەبردنی هەرێم دابماڵێت. یان هێندە لاواز و بێ کاریگەری بکات، لە دەسەڵاتی سیاسی لە باشترین حاڵەتدا بکاتە دەلاڵ تا بۆ ماوەیەکی دیاریکراو رۆڵی دابەشکردنی موچە بگێرێت.

بۆرژوازی عێراقی لەگەڵ ئەوەدا ریزەکانی بەهۆی چەندین گرفتی لەچەشنی هێزو دەسەڵاتی میلیشیایی حزبەکان، دەستێوەردانی دەرەکی، چۆنیەتی مامەڵە لەگەڵ بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری، لێکترازاو ناتەبایە، بەڵام هەموویان

بۆ لاپەڕە 2

# شەپۆلێکی تر لە بزوتنەوەی ناڕەزایەتی جەماوەری بەڕێوەیە...



موچەخۆران لەبەرامبەر بە دواکەوتنی موچەکانیان. کاسبکاران بەهۆی باج و سەرانەی سەد سەرەوە. مامۆستایانی وانەبێژ، بۆئەوەی دابمەزرێن. ژنان لەبەرامبەر بەردەوامی هیرش بۆسەر مافەکانیان و کوشتاری بەردەوامی ژنان و بێدەربەستی دەسەڵات. کرێکارانی ژینگە پارێز بۆ موچە دواکەوتووەکانیان. کرێکارانی نانەواخانەکان، شوفێرانی پاس و تەکسی، بۆ گازو سوتەمەنی. خوێندکاران بۆ خواستی دەرماڵەو خزمەتگوازی بۆ بەشە ناوخۆیەکانیان و بەشی

بۆ لاپەڕە ...3

# هیوا بۆ بەردەوامی نەخۆشخانەی هیوا بگێڕنەوە!




خەستەخانەی هیوا، ناوێکی دیارو خۆشەویستە. تاکە خەستەخانەیە کە بەخۆرایی چارەسەری نەخۆشانی شێرپەنجە دەکات و لەسەراسەری عێراق و تەنانەت ناوچەکەشەوە خەڵکی گیرۆدەی شێرپەنجە سەردانی دەکەن. ئەم خەستەخانەیە بەهەوڵی ژمارەیەک دکتۆر و پەرستار و کارمەند و کرێکاری دڵسۆزو خۆبەخش، تا ئێستا ژیانی سەدان و هەزاران نەخۆشی شێرپەنجەی ڕزگارکردووە، و بۆتە نوای گێرانەوەی ژیان بۆیان.

خەستەخانەی هیوا، بە مانای وشە بۆتە

بۆ لاپەڕە 3

# دەسەڵات سەرچاوەی تاوانە دڵتەزێنەکانە...ل4

لەم ژمارەیەدا ئەم بابەتانەش دەخوێننەوە:


* تیرۆری شیرین ئەبو عەقلە کردەوەیەکی تیرۆریستی دەوڵەتی..........ل6
* عێراق و هەرێمی کوردستان لەنێوان بەرداشی تورکیا و ئێران دا.......ل6
* ئازادی ژن ئازادبوونی کۆمەڵگەیە .......................................................ل7


## دۆسیەی ژمارە"پرسی پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق"



هەریەك لە بەڕێزان حەسەن عارف و بەندی عەلیەشداری دۆسیەکەیان کردووە....

ل10-11




پرسی ڕۆژ ل5

پرسی ژن ل7

گۆشەی ئەدەب و هونەر ل8-9

## درێژەی وتەی ژمارە

لەسەر پرسی نەوت و غازو کورتکردنەوەی دەسەڵاتی هەریم کۆک و هاوئاهەنگن.

له ماوەی ١٠ مانگی رابردوودا، باسی نایاسایی بوونی فرۆشتنی نەوتی هەرێم و لە ئێستاشدا غاز، لە زمانی سەرانی وردو درشتی بۆرژوازی عێراقییەوە، چەندبارە دەکرێتەوە، بۆرژوازی کورد لە بەرامبەردا، دەستەوەستان و توشی سەرەگێژە بووە، بەتایبەتیش ئەگەر دۆسیەی بەدواداچوون بۆ فرۆشی نەوتی ساڵانی رابردو و داهاتەکەی بکرێتەوە، دەسەڵاتی هەرێم نەک ناتوانێت بەرگری لەخۆی بکات، بەڵکو ئەگەری ئەوە هەیە توشی چەندین دۆسیەی لێپرسینەوەی یاسایی!! بێت.

دیارە بۆرژوازی عێراقی ئەمانە هەنگاو بەهەنگاو دەست بۆ دەبات و کێشەی سەرەکیش لەبەردەمیدا لاوازی دەسەڵاتە سیاسیەکەیەتی. دەسەڵاتی سیاسی لەعێراقدا شلۆق و نا قوتبی و لاواز و خاڵی لە متمانە و ناسەربەخۆبوونیەتی.

دەسەڵاتی سیاسی و قەوارەی هەرێم، کە ریشەی لە واقعیەتێکی بەدەر لەدەسەڵاتی ناوەند و بۆرژوازی عەرەبی عیراقی و لاوازی توانایی دەسەڵاتی ناوەندیدایە، پەیوەندی هەرێم و بەغدا بەپێی دەستور فیدرالیزمی قەومییە، بەڵام فیدرالیزەبوونی عێراق، تا ئێستا درۆیەکی ئاشکرایەو و ململانێی هەمیشەیی بەغدا و هەرێم و تەنانەت دەستبردن بۆ جوڵاندنی هێز لە دژی یەکتری باشترین بەڵگەی ئەوەیە کە تەنانەت پەیوەندییەکی دەستوری و ئاسایی لە نێوان هەرێم و بەغدادا بەکردەوە، بوونی نییە. چ بۆرژوازی کورد پابەندی فیدرالیزم و دەستور و بریارەکانی بەغدا نییەو چ بۆرژوازی ناسیونالیستی و ئیسلامی عیراق و دەسەڵاتی سیاسییەکەی، بڕوایەکیان بە دەسەڵاتی هەرێم نییە.

دیارە پرسی نەوت و غاز چ لە سەرئاستی عێراق و چ لە کوردستاندا، نەک نەبۆتە مایەی باش بوونی ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیان و زامنبوونی خزمەتگوزارییەکان، بەڵکو بۆتە موسیبەت و سەرئێشەیەکی گەورە بۆیان، هۆکارەکەشی ئەوەیە داهاتی نەوت و غازو سامانە سروشتیەکان کە عێراق و کوردستاندا، لەلایەن دەسەڵاتی حزبە میلیشیاییەکان و بەرپرسە حزبی و حکومیەکان دەدزرێت... رۆژانە ئاماری زیادبوونی بەرهەمی فرۆشی نەوت بڵاودەکرێتەوە، نرخی لە بەرزبوونەوەدایە، کەچی لەبەرامبەردا ئامار و پێوانەیەک بۆ باشبوونی ژیان و گوزەرانی خەڵک و خزمەتگوزارییەکان و بیمەکان نەک نییە، بەڵکو بەپێچەوانەوە ئاماری دابەزینی بەرێوەچوونی ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیان، گرانی زیاتر، هەژاری بەرینتر دەخرێتە ڕوو. نەبوونی هەلی کارو بێکاری، بۆتە مۆتەکەی سەر ملیۆنان ئینسانی ئامادەبەکاری عێراق و کوردستان، خزمەتگوازرییەکان لە ئاو و کارەباوە بۆ سلکی تەندروستی و پەروەردە بەرەو دارمانی بەردەوام دەچن.

ئەم هەلومەرجە لە کوردستاندا تا ئەو ڕادەیە بەرەو وێرانی چووە، کە سەرباری فرۆشی نەوت و بەرزبوونەوەی نرخی نەوت، ناردنی پارە لە بەغدا و هاوکاری هاوپەیمانان بۆ دەسەڵات، کەچی نەک تەنها خزمەتگوازرییەکان نەماون، بەڵکو بەشێکی زۆری خەستەخانەکان بەهۆی نەبوونی پێداویستی تەندروستییەوە دادەخرێن، خەڵک لەسەرەی وەرگرتنی موچەدا گیان لەدەست دەدات، لە ڕێگاو بانە وێرانەکاندا، رۆژنە خەڵک دەبنە قوربانی روداوەکانی هاتوچۆ. موچە بە مانگ و دوومانگ دوا دەخرێت... هێشتا کێشەی ئاو و کارەبا، بێ چارەسەر ماوەتەوە. بەشێک لە شارو شارۆچکەکان خەریکە بۆگەن دەبن بەهۆی پاکنەکردنەوەیان و دواخستنی موچەی کرێکارانی ژینگە پارێز... هەموو ئەمانە وای کردووە، لەلایەکەوە جەماوەری کوردستان نەفرەت قوڵ و خواستی ڕاماڵینی دەسەڵات بەدەستەوە بگرن و لەلایەکی تریشەوە دەسەڵاتی بۆرژوازی عێراقی خستۆتە سەر کەڵکڵەی کەڵک وەرگرتن لەم دۆخەو بەهرەبەرداری کردن لە دۆخی ژیان و گوزەرانی خەڵکی کوردستاندا.

له وەها هەلومەرجێکدایە، کە دەسەڵاتی ناوەندی دەیەوێت لەڕێگای دەرهێنانی دۆسیەی نەوت و غازو مامەڵەپێکردنی لەدەست دەسەڵاتی هەرێم و گێرانەوەی بۆ ژێر سایەی دەسەڵاتی ناوەندی، ململانێی خۆی لەگەڵ بۆرژوازی کورد و دەسەڵاتەکەی بباتە پێشەوە و لەوەش زیاتر هەژموونی خۆی بەسەر هەرێمی کوردستاندا زیاد بکات و ئەوەی کە پێی دەوترێت قەوارەی هەرێم، وەکو واقعیەت و دەرهاویشتەیەکی جەنگی کەنداو بەرەو ئاڵوگۆر ببات و دەسەڵاتی ناوەندی لە پرۆسیسێکی بە نەخشەدا بگێرێتەوە سەر ئەم جغرافیا و قەوارە سیاسیە.

بۆرژوازی کورد کەبەپلەی یەکەم ململانێ و مامەڵەی لەگەڵ بەغدا، داکشاوە بۆ پرسی داهات و بودجە، نەک هیچ ئاسۆ و نەخشە و پلانێکی بەرگریکارانەی ڕۆشنی بۆ رووبەڕووبوونەوەی ویست و نەخشەی سیاسی بەغداو دەسەڵاتی سیاسی بۆرژوازی عێراقی نییە، بەڵکو خەریکی پاڕانەوە لە هاوپەیمانیەتی نیو دەوڵەتییە و گومانیش لەوەدا نییە، کە زۆرتر کەوتە ژێر گوشاری بەغداوە وەکو هەمیشە خۆی بەپرسی سیاسی کوردستان و دۆسیەکانی پەیوەندیداریەوە هەڵدەواسێت.

بۆرژوازی عێراقی و دەسەڵاتە سیاسییەکەی، دەیانەوێت بە لاوازبوونی دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد، هەژموونی خۆیان بەسەر هەرێمدا زاڵ بکەن و بگێڕنەوە، بێ ئەوەی گوێ بدەنە ئیرادەی سیاسی خەڵکی کوردستان، و لەبەرچاوگرتنی پرسە سیاسییەکەی، کە پرسێکی سیاسی و مێژووی و پەیوەندار بە جیو سیاسی ناوچەکەیە.

خەڵکی کوردستان ئەگەر چەندی ساڵە خواستی ڕاماڵینی دەسەڵاتی بۆرژوازی کوردیان هەیەو بە کردەوەش بۆی هاتونەتە مەیدان، هاوکات گومانیان لە دەسەڵاتی بۆرژوازی عەرەب بەشیعی و سونیەکەیەوە نییە، کە دەسەڵاتێکی دژە ئینسانی و کۆنەپەرست و دژە مافی هاوڵاتی بوونی یەکسانە لە عێراقدا. بۆژوازی عێراقی بە درێژایی مێژووی خۆی هاوڵاتیانی عەرەب زمانی بە پلەی یەکەم و هاولاتیانی غەیرە عەرەب زمانی بە پلەدوو تەماشاکردووەو بەم پێیەیش هەمیشە مۆری ناسنامەی عەرەبیان بەدەوڵەتی عێراقەوە لکاندووەو لەو چوارچیوەیەشدا، مامەڵەیان لەگەڵ خەڵکی کوردستان و پرسە سیاسیەکەی کردووە.

نەوت و غازو سەرجەم سامانی سروشتی عێراق، موڵکی خەڵکی عێراق و کوردستانەو لەلایەن دەسەڵاتی بۆرژوازی عەرب و کوردەوە خاوەنداریێتی تایبەتی کراوەو لە موڵکی گشتییەوە کراوەتە موڵکی تایبەتی و ئەوان و بەهۆی باڵادەستی دەسەڵاتیانەوە مامەڵەی پێوەدەکەن و خەڵکی عێراق وکوردستانیان لێی بیبەش کردووە. داهاتی نەوت و غازیش بۆ مشتیک سەرمایەدارو دەسەلاتی سیاسییە، کە لەو ریگایەشەوە بەکاریان هێناوە بۆ سەرکوتی و بێمافی، و هەڵاوردن و...تاد.

خەڵکی کوردستان، چۆن گیرۆدەی دەسەلاتی سیاسی بۆرژوازی کورد و حزبەکانیەتی، ئاواش گیرۆدەی دەسەڵاتی شۆڤینیزمی عەرەبی و فیدرالیزمی پوچی قەومییە. خەڵکی کوردستان بۆ بەهرەمەند بوون لە داهاتی نەوت و غاز و لەوەش زیاتر پاراستنی قەوارەی هەرێمی کوردستان و پێویستیان بەوەیە خەباتی خۆیان بۆ راماڵینی دەسەلاتی میلیشیایی بزوتنەوەی کوردیەتی و کۆتاییهێنان بە پەیوەندی بۆرژوازیانەی هەرێم بە ناوەند لەژێر ناوی فیدرالیزمی پوچی قەومی و خستنە گەری ئیرادەی سیاسی سەربەخۆی خەڵکی کوردستان بۆ دیاریکردنی چارەنووسی سیاسی و دامەزراندنی دەسەلاتی لە خوارەوەی جەماوەری خۆیان، بەدەستەوە بگرن. لەو نێوەشدا هاوخەباتی خەڵکی کورستان لەگەڵ جەماوەری بیبەش و مەحرومی عێراق، بەدژی دەسەڵاتی بۆرژوای عەرەبیدا سەنگ بینای ئالوگوگۆڕی شۆرشگێرانە دەبێت، لە ژیر سایەی ئاسۆ ئامانجی رزگاری بەخشی ئینسانیدا لە پێناو دنیایەکی خاڵی لەستەم وبێمافی و هەڵاواردن... تەنها ئەوکاتەش داهاتی خەڵکی عیراق و کوردستان، دەبێتە بە موڵکی گشتی و بەسودی ژیان و گوزەران و شکۆفایی ئینسان لەسەر ئاستی تاک و کۆمەڵ، مەیسەر دەبێت.

**ناوەراستی ئایاری ٢٠٢٢**

**دەسەڵاتی ناوەندی دەیەوێت لەڕێگای دەرهێنانی دۆسیەی نەوت و غازو مامەڵەپێکردنی لەدەست دەسەڵاتی هەرێم و گێرانەوەی بۆ ژێر سایەی دەسەڵاتی ناوەندی، ململانێی خۆی لەگەڵ بۆرژوازی کورد و دەسەڵاتەکەی بباتە پێشەوە و لەوەش زیاتر هەژموونی خۆی بەسەر هەرێمی کوردستاندا زیاد بکات و ئەوەی کە پێی دەوترێت قەوارەی هەرێم، وەکو واقعیەت و دەرهاویشتەیەکی جەنگی کەنداو بەرەو ئاڵوگۆر ببات و دەسەڵاتی ناوەندی لە پرۆسیسێکی بە نەخشەدا بگێرێتەوە سەر ئەم جغرافیا و قەوارە سیاسیە...**

بۆپێشەوە
FORWARD بلاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

## درێژەی...شەپۆلێکی تر لە بزوتنەوەی ناڕەزایەتی جەماوەری بەڕێوەیە...

زۆری خەڵک بۆ سوتەمەنی و لەبەرامبەر گران بوونی شتومەکدا... بەشێوەی جیا جیا لە
مەیدان دان و خەریکی نارەزایەتی دەربڕینن... ناڕەزایەتی بەشی هەرەزۆری بەش و توێژەکانی کۆمەڵگە لایەک و کرێکاران بەتایبەتیش کرێکارانی ژینگە پارێز، سەرەتای بڕگەیەکی تر لە بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەرییە، کە لەکۆمەڵگەی کوردستاندا شەپۆل دەدات.

لە کۆمەڵگەی کوردستاندا جگە لە کەمایەتیەکی کەمی موچەخۆری حزب و خاوەن کۆمپانیا و مستیک سەرمایەدار و بازرگان، باقی جەماوەری کرێکار و بێبەشی کوردستان، لە مامۆستا و کارمەندو لاو و خوێندکارەوە بۆ دوکاندارو کاسبکار و ژنان و ئازادیخوازان و رۆژنامەنووس و ... تاد، بەو راستییە گەیشتون کە دەسەلاتی سیاسی ئەوەی باکی پێی نەبێت، ژیان و گوزەرانیانە، و بەو راستیەش گەیشتوون ئەو دەسەڵاتە چاکسازی هەڵناگرێت. بۆیە نارەزایەتی لەهەموو گۆشەو کەنارێکی کۆمەڵگەدا یان لە ئارادایە یان بەرەو ئەوە دەچێت بێنە سەرشەقامەکان و تا نەفرەتی خۆیان لەدەسەڵات دەرببرن و داوای خواستە زۆر سادەو رەواکانیان بکەن. ئەم هەموو نارەزایەتییە جەماوەری و ئەو نەفرەتە قوڵ و پەنگ خواردووە، تەنها لە ئاستی داخوازییەکاندا راناوەستێت و بەر پێگرتنیشی لە تواناادا نییە. هەروەها بەجیا لەدەسەڵات هێزە بەناو ئۆپۆزیسیۆنەکان، تەواو ریسوا بوون و خەڵکی کوردستان بەشێوەی گشتی متمانەیان پێیان نییە. لە دۆخێکی ئاوادا، بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری لەگەڵ هاتنە مەیدانیدا بەشێوەی سەراسەری و فراوان و تێکهەڵکێش بوونی بزوتنەوە نارەزایەتییەکان لەگەڵ یەکتری، دەتوانێت سەرەتایەکی باشی بزوتنەوەی نارەزایەتی ئەم بڕگەیە بێت. ئەوەی گرنگە رابەران و هەلسوڕاوانی بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان، هەم رۆڵی بەرجەستەیان لە وەرێخستنی بزوتنەوەکە و هەم لە لێکهەڵپێکان و سەراسەری کردنەوە و ریکخراو بوونیدا هەبێت و سەربەخۆییەکەی بپارێزن، و لەدەوری ئاسۆیەکی شۆرشگێرانە، کۆببنەوە کە بتوانێت تەکانێکی کاریگەر بە بزوتنەوەی نارەزایەتی کریکاریی و جەماوەری بدات و ئەو هاوسەنگی هێزە زۆتر بە سودی جەماوەری بێبەش بگۆرێت و تا ئەو رادەیەی بتوانێت چەند سەنگەرێکی پێشرەوانە بگرێت، بۆ نەبەردەکانی داهاتووی.

ئەوەی رۆشنە ئەوەیە بزوتنەوەیەکی فراوانی جەماوەری و ڕاسانێکی ڕەوای پر تورەیی لە دژی دەسەڵاتی سیاسی بەڕێوەیە، پێویستە بۆ ئەو راسانە نەک ئامادەبین بەتەنها، بەڵکو پێویستە رابەران و هەڵسوڕاوانی کریکاریی و جەماوەری رۆڵی جولاندن و وەگەرخستن و رێکخراوبوون و رابەرییەکەی بەدەستەوە بگرن، ئەمە زامنی سەرکەوتنی دەکات.

## درێژەی...هیوا بۆ بەردەوامی نەخۆشخانەی هیوا بگێڕنەوە!

شوێنێک بۆ هیوا گێرانەوە بۆ نەخۆشانی شێرپەنجەو ئازیزانیان، کەچی ئەم ناوەندی هیوایە، لەجێگای ئەوەی لەلایەن دەسەڵاتی سیاسییەوە پشتیوانی لێبکرێت و هاوکاری و پێداویستی بەردەوامی بۆ دابین بکرێت و کارمەند و پەرستار و دکتۆرو کرێکار و هاوکارەکانی خەڵات بکرێن، پشتگوێ دەخرێت، هەڕەشەی داخستن لەسەری وەکو مۆتەکە بەسەریەوەیەتی... ئەگەر نارەزایەتی جەماوەری و هەوڵی دڵسۆزان و هاوکارانێکی ئینسان دۆست نەبوایە، دەمێک بوو ئەو خەستەخانەیە داخرابوو.

وا ئێستاش جارێکی تر لەچوارچێوەی هێرشی دەسەڵاتی سیاسی و سەرمایەی چاوچنۆکدا، بۆسەر موچەی کرێکاران و کارمەندان، بۆسەر کەرتی خوێندن و پەروەردە، بۆسەر خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان و بۆسەر ماف و ئازادییەکانی ئینسان، دەیانەوێت بە پشتگوێخستن و خۆدزینەوە لە دابینکردنی پێداویستییە تەندروستیەکان و دابین نەکردنی موچە و بودجەی پێویست، خەستەخانەکە بەرەو داخستن ببەن. هەروەکو چۆن دەیان خەستەخانەو بنکەی تەندروستی گشتیان بەهۆی پشتگوێ خستنەوە وێران کرد، تا خەڵکی ناچار بن بچنە خەستەخانە تایبەتییەکانی کۆمپانیا دزو وێژدان مردووەکان و گیرفانیان خاڵیتر بکەن.

پشگوێ خستنی خەستەخانەی هیوا، تاوانکارییەکی ئاشکرایە، کوشتنی بە ئەنقەستی سەدان و هەزاران نەخۆشی بێدەرەتان و هەژارە، کە توانای چارەسەریان لە خەستەخانە تایبەتیەکان نییە. کوشتنی هیوای نەخۆشەکان و سەدان و هەزاران خێزانە، بۆ ڕزگاری لە نەخۆشی و گێرانەوەی هیواو خەندە بۆ خێزان و ئازیزانیان.

هەموو ئەو هەوڵانەی لەلایەن بەرەی ئازادیخوازی کۆمەڵگەی کوردستان و ئینسان دۆستان و کەمپەینی" دەستەی داکۆکیکار لە نەخۆشخانەی هیوا" وەرێخراوە، نیشانەی هوشیاری و ڕاوەستاوی کۆمەڵگەیە، بۆ بەرگری لە نەخۆشانی شێرپەنجە و لەوەش زیاتر لە ئینسان و ئینسانیەت و "نا" وتن و نارەزایەتییەکی فراوانی لێکهەڵپێکراوە لەگەڵ نارەزایەتییە جەماوەرییە بەرینەکانی بەش و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردستان، بەدژی تاڵانی و دزی و بێدەبەستی دەسەڵاتی سیاسییدا. دەسەڵاتی سیاسی عێراق و کوردستان و بەرپرسن لە گیانی هەر ئینسانێکی نەخۆشی شێرپەنجە کە بەهۆی پشتگوێخستنی خەستەخانەی هیواوە، هیوای بۆ ژیانیان دەکوژێتەوە گیان دەبەخشن.

تاکە ڕێگا بۆ ناچارکردنی دەسەلاتی سیاسی عیراق و دەسەلاتی هەردوو زۆنی تالانچی لە کورستاندا، بۆ ئەوەی پێداویستیەکانی خەستەخانەی هیوا دابین بکەن، بەرینکردنەوە و ریکخراوبوونی نارەزایەتیەکانی ئێستایە لەلایەن جەماوەری ئازادیخواز و ئینسان دۆستان و دکتۆر و پەرستارە دڵسۆزەکان و کەسوکاری نەخۆشەکانی شێر پەنجەوە. پێویستە لە ژێر ئەو گوشارە جەماوەری و ئینسانیەدا دەسەڵات ناچار بکرێت، بەڵیننامەی دابینکردنی داو و دەرمان و پێداویستیەکانی خەستەخانەکان و خواستی دکتۆرو کارمەندو پەرستارەکان و بەشێوەی بەردەوام، ئیمزا بکات و دەست هەڵبگرێت لەوەی ئەو خەستەخانەیەش بەدەردی خەستەخانە گشتیەکان ببرێت.

## لە بۆپێشەووە

* بابەتەکانی بۆپێشەوە، جگە لە"گۆشەو تەوەرەی تایبەت" بەگشتی تەعبیر لەخەتی سیاسی و فکری و دونیابینی کۆمۆنیزمی مارکس و کۆمۆنیزمی کرێکاریی دەکات.

* بۆ پێشەوە، هیچ بابەتێک بڵاوناکاتەوە، کە پێشتر لەشوێن و کەناڵی بینراو وبیستراو و نووسراودا... بڵاوبوبێتەوە.

* بابەتی بڵاوبوەوە لە بۆپێشەوەدا، ئەوکاتە لەلایەن خاوەنەکەیەوە مافی بڵاوکردنەوەی هەیە، کە لە بۆپێشەوە بڵاوبوبێتەوە. راسپاردەی بۆپێشەوەیە، کە خاوەنی بابەتەکە ئاماژە بەناو و ئەو ژمارەی بۆپێشەوە بدات، کە بابەتەکەی تیادا بڵاوبۆتەوە.

* درەنگ ناردنی بابەتەکان، لەکاتی راگەیەنراوی خۆیدا، شانسی بڵاوبونەوە لەدەست دەدات.

- ئەولەویەت بۆ بابەتی کورتە

* هیچ بابەتێک بە زمانەکانی عەرەبی، فارسی، ئینگلزی... وەرناگرێت و خاوەنی بابەتەکان بەرپرسن لە وەرگێرانیان بۆ زمانی کوردی...

* بۆپێشەوە بەرپرس نییە لە هەڵەی ئیملایی رێنووسی ئەو بابەتانەی بۆی دێت...

* هەڵەبڕی ئەرکی خاوەن بابەتەکانە...



# دەسەڵات سەرچاوەی تاوانە دڵتەزێنەکانە

## نووسینی: بنار مستەفا

کەم ڕۆژ هەیە، هەواڵی تەکاندەر و دڵهەژێن، نەبنە سەردێری میدیا و ماس میدیا و تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان. کوشتن و سوتاندن و خنکاندنی ژن، دۆزینەوەی تەرمێکی نەناسراو، منالێکی سەربڕدراو، ڕفاندنی هاولاتیەک، تەقەکردن لە هاولاتیان، شەڕی نێوان دوو بنەماڵە، پێکدادانی هێزە ئەمنیەکان لەگەڵ یەکتری، هێرشی پاسەوانەکانی فلانە بەرپرس بۆسەر هێزە ئەمنیەکان لەسەر کچە نازدارە سەرپێچیکەرەکەی، کوشتنی هاولاتیەک لەلایەن کورە مەسئولێک، نارجۆک خستنە ناو ماڵی ماڵێک، بێ سەرو شوێنکردنی نووسەر و ڕۆژنامەنووسێک و چالاکوانێک... سەرختی هەواڵی ڕۆژانەیی ژێر سایەی دەسەڵاتی هەرێمن.

بەم دواییانەش کوشتاری چەند کەس لە خێزانێک بە منداڵەوە لە چەمچەماڵ لەپاڵ زنجیرەیەک تاوانی لێکدانەبراو، جارێکی تر ناخی خەڵکی هەژاند و نیگەرانی قووڵی خستە نێو کۆڕ و کۆمەڵەکان و تۆرە کۆمەلایەتیەکانی تەنیەوە. نەفرەت و بێزاری زۆر لە ڕووداوەکان و بێ دەربەستی لایەنە پەیوەندیدارەکان لە لایەک و هاوسۆزی بۆ قوربانیان و کەسوکاریان لە لایەکی تر، دیاردەیەکی لێکچووی ئەمرۆی بەشە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بوو. ئەمانە بە دروست چەندین پرسیاری جۆراوجۆر دێنە ئاراوە، لە پەیوەند بە نادڵنیایی لە سەلامەتی و ئارامی دانیشتوان و ئایندەی کۆمەڵگە. لە پەیوەند بە تاوان و زیادبوونی لە کوردستان پێویستە ئاماژە بە چەند خاڵێک بدەین.

پێش هەر شتێک کۆمەڵگەی سەرمایەداری بەهۆی هەڵاواردن و جیاکاری و هەژاری و بوونی چینی جیاواز، لە خۆیدا تاوانیش بەرهەم دێنێت. کوردستانیش وەک هەر کۆمەڵگەیەکی تری چینایەتی بێ بەش نەبووە لە بوونی ئەم دیاردەیە. بەڵام لە کوردستان ڕێژەی تاوان هەڵدەکشێت و هەولێک یان ئاماژەیک بەدی ناکرێت، کە ئومێدی پێ ببەسترێت تا بەر بە زیادبوونی ڕێژەی تاوان بگرێت.

بزووتنەوەی کوردایەتی بە دەسەڵات و حزبەکانیەوە بێ ئەندازە کۆنەپەرست و دواکەوتوون. ئەم خەسڵەتە هەر لە سەرەتای مێژوویانەوە دەبینرێت و کارەساتی گەوریان خولقاندووە. لە جیهانبینی ئەم بزووتنەوەیەدا نەک تەنها زۆر بابەت پێش بەها مرۆییەکان دەکەون، بەڵکو ئامادەن مرۆڤی لە پێناودا بکەنە قوربانی، وەک خاک، نیشتیمان و نەتەوە، سەرکردە و ڕەمزە دینیەکان... دەیان هەندێ چەمکی تر. هەروەها دەستبردن بۆ تاوان تا ئاستی لێسەندنەوەی ژیان، لای ئەم بزووتنەوەیە ئاسایی بووە و ئامادەبوون دەستی بۆ بەرن. بەشێک لە دروشمەکانی ئەم بزووتنەوەیە هەر لەم چوارچێوەیەدا خۆی دەبینێتەوە، کە بۆنمونە داوا دەکات مرۆڤ خۆی بکاتە قوربانی یان ژیانی بە لاوە بایەخدار نەبێت. ئەم فەرهەنگەی دەسەڵات کاریگەری بەسەر کۆمەڵگەوە هەبووە و بە داخەوە لە ئاستێکی فراواندا تاوانی کوشتار زیاتر وەک هەواڵێکی سامناک چاوی لێ دەکرێت تا تاوانێک.

ئەم دەسەڵاتە خۆشی لە ماوەی سی ساڵی ڕابردووی تەمەنیدا بەردەوام تاوانی لە بەرانبەر خەڵکیدا ئەنجامداوە. کوشتاری نەیارانی سیاسی، ڕۆژنامەنوسان و بەندکردنی چالاکوانان، خولقاندنی نائارامی لە شوێنی ژیانی دانیشتوان، کپکردنی دەنگی ناڕازی و سەرکوتکردنیان، بە تاڵان بردنی سەروەت و سامانی کۆمەڵگە، بە هەژارکردنی خەڵکی، بێ مافکردنی منداڵان، دارمانی خزمەتگوزارییەکان و لیستێکی تری درێژ لە تاوانی جۆراوجۆر، کە ڕاستەوخۆ لە لایەن ئەم دەسەڵاتەوە بەرانبەر بە خەڵکی ئەنجام دەدرێت.

کاتێک دەسەڵات بەچەندین شێوە تاوان ئەنجام دەدات، خۆبەخۆ دەبێتە بەشێک لە فەرهەنگی کۆمەڵگە. دەسەلاتێک بێ سڵەمینەوە دەست بەرێت بۆ کوشت و کوشتار و تەنانەت ناکۆکی نێوان خۆشیان بە دەستبردن بۆ چەک یەکلایی بکەنەوە، مەحاڵ نابێت گەر ئەم دیاردەیە بگوازرێتەوە بۆ نێو بەشێکی کۆمەڵگە. بە تایبەتش کاتێک دەردەکەوێت، کە بەشێک لە ئەنجامدەرانی تاوانەکان لینکێکیان بە بەرپرسێکی دەسترۆشتووی حزبی دەسەلاتدار هەیە.

**لە هەر گۆشەیەکەوە تەماشای هۆکارەکانی خولقاندنی تاوان و بەرزبوونەوەی ڕێژەکانیان بکەین، سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ دەسەڵاتێک، کە نوێنەرایەتی بزووتنەوەی کوردایەتی دەکات. بزوتنەوەیەک کە پشتی بە یاساکانی بەعس و سەرچاوەگرتوو لە شەرع و دین بەستووە. بزوتنەوەیەک کە بەئاشکرا باوەشینی کۆنەپەرستی دینی دەکات و فەرشی سور بۆ گروپە ئیسلامیەکان دادەخات.**

لە لایەکی ترەوە ئێستا حکومەت لە کوردستان لە قەیرانێکی هێندە قووڵ و فراوانادایە، کە تەواو کارامەیی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگای لە دەستداوە. حکومەت لە گێژاوێکدا چەقی بەستووە، کە دەزگا و دامەزراوەکان هیچ جێگەوڕێگەیەکیان نەماوە و تەنانەت کەڵێن کەوتۆتە نێو ڕیزەکانی دەسەڵات خۆشییەوە. هەر لە ئەنجامی ئەم دۆخە سیاسیەدا هەژاری و نەداری و بێکاری زیادی کردووە و ئەم دەسەڵاتە هیچ نیازێکی نییە وەڵام بە خواستی خەڵکی بداتەوە و ڕاستەوخۆ لە بەرانبەریان ڕاوەستاوە. خەڵکیش هیچ متمانەیەکی بە حکومەت و دامودەزگاکانی نەماوە، بۆیە ڕاوەستان لە بەرانبەر یەکتر لە نێو خەڵکیدا زیاتر دەبینین. تەواوی ئەم دۆخە سیاسی و کۆمەڵایەتیە ڕێخۆشکەرە بۆ زیادبوونی ڕێژەی تاوان.

هەر لە سایەی دەسەڵاتی کوردایەتیدا چەندین کردە و دیاردە، کە تەنانەت لە زۆرێک لە ولاتانی تری سەرمایەداریشدا بە تاوان هەژمار دەکرێن، لە کوردستاندا بوونەتە دیاردەی ئاسایی، وەک: هەڵاواردن و جیاکاری ڕەگەزی و نەتەوەیی، بێ ڕێزیکردن بە بەها مرۆیەکان، دەستدرێژی بۆ سەر مافە فەردی و مەدەنییەکان، دەستێوەردان لە ژیان و گوزەران و کاروباری خەڵکی، کارکردن بە منداڵان، پیادەکردنی یاسا کۆنەپەرستەکان لە چەشنی فرەژنی، دانانی مەرجی توند و بێ بنەما لە گرێبەستی کاردا، دامەزراندن بە تەزکیەی حزبی، بەکارهێنانی منداڵان لە جیهانی دەرەوەی منداڵان و هتد. کاتێک کۆمەڵگە نوقمی ئەم جۆرە دیاردانە دەبێت و دەسەڵات بە یاساش تاوانی جۆراوجۆر تومار دەکات، دەرگا لەسەر ئەنجامدانی تاوان لە کۆمەڵگەدا ناگرێت. بەجیا لەوانە بە پێی لێدوانی خودی دەسەڵات لە کوردستاندا، لە نزیک بە هەشت هەزار داواکاریی تۆمەتبار، تەنها ٤٠٠ کەسیان، دەستی لێپرسینەوەی پێ گەیشتووە، دیارە ئەمەش ئەوانەن کە پشت و پەنایان نەبووە. ئەمە نیشان دەدات کە دادگا و لێپرسینەوەی ئاسایی لە ئاستی نەبووندیدایە... هەروەها لە ٣٠ ساڵەی تەمەنی دەسەڵاتی بۆرژوازی کوردا، بکوژی یەک ڕۆژنامەنووس و دۆسیەی سیاسی دەستگیر نەکراوە، بکوژی دەیان هەزار ژن، کە گۆرسانی بێناونیشانیان بۆ دروستکراوە، ئازادن.

لە هەر گۆشەیەکەوە تەماشای هۆکارەکانی خولقاندنی تاوان و بەرزبوونەوەی ڕێژەکانیان بکەین، سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ دەسەڵاتێک، کە نوێنەرایەتی بزووتنەوەی کوردایەتی دەکات. بزوتنەوەیەک کە پشتی بە یاساکانی بەعس و سەرچاوەگرتوو لە شەرع و دین بەستووە. بزوتنەوەیەک کە بەئاشکرا باوەشینی کۆنەپەرستی دینی دەکات و فەرشی سور بۆ گروپە ئیسلامیەکان دادەخات. ئەم دەسەڵاتە بەهەموو پێوانەیەک و لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا نیشانی داوە، کە لەوە باشتر و زیاتری لێ هەڵناکرێت و گرفتێکی لەگەڵ دۆخی ئێستادا نییە. لە باشترین حاڵەتدا لە ڕێگەی سیناریۆیەکەوە دەیانەوێت بڵێن، کە ئەنجامدەری تاوانێک بە سزا دەگەیەنین. ئەم نمایشەش لە کوردستان بینەری نەماوە. بۆیە کۆتاییهێنان بە تاوان بەندە بە کۆتایی ئەم دەسەڵاتە.

**٨ ی ئایاری ٢٠٢٢**

# پرسی ڕۆژ گۆشەیەکە ئاراس ڕەشید هاوکاری سەرنووسەری بۆپێشەوە ئامادەی دەکات. هەوڵدەدات یەکێک لەپرسە گەرمە سیاسی یان کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بخاتە بەرباس لە ڕێگەی کەسایەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی شارەزا لەو بوارەدا...

bopeshawa@gmail.com



پرسی ڕۆژ

**بۆ جارێکی دیکە هەردووحزبی دەسەڵاتداری یەکەمی هەرێمی کوردستان (پارتی و یەکێتی) کەوتوونەتەوە بەرامبەر یەکتر و گرژی نێوانیان و شەڕی ڕاگەیاندنیان زیادیکردۆتەوە. بەهەمان شێوازی جارانی پێشوو تۆمەت دەبەخشنەوە بۆ یەکتر و یەکتری تاوانبار دەکەن لە کەموکورتیەکانی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەی کوردستان. لە ئێستادا پێویست ناکات دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ناحزبی کەموکورتی و گەندەڵی و ناعەدالەتی و شکستی دەوڵتداریان بۆ خەڵك ڕوون کەنەوە، خەڵك بەچاوی خۆی ڕۆژانە شتەکان دەبینێت و خۆشیان لە شەری نێوان خۆیان و لەزاری بەرپرسانی حزبی و حکومیدا و لە دەزگا زل و زەبەلاحەکانی ڕاگەیاندنەکانی خۆیاندا بە بەڵگە یەکتر تاوانبار دەکەن.**

**پێتان وایە ئەم زمانە زبرەی ئەمجارەیان بەرەوکوێیە تاکوێ دەچێت؟ لەبەرامبەریشدا خەڵك چەندە باوەڕیان پێدەکات و بەدوایان دەکەوێت؟ ئایا خەڵك هەڵوێستێکی جیاواز لەجاران و نەخشەی جیاوزاتر بۆ نارەزایەتی و ڕێکخستنی ڕیزەکانیان دەگرنەبەر؟**

**هۆشیارجەمال/ نووسەر و ڕۆژنامەنووس ئەم پرسەی ئاوا تاوتوێکرد:**

یەکێتی و پارتی وەك دوو هێزی حکومڕانی شاخ و شار ڕیشەیەکی کۆنیان هەیە لە ململانێی سیاسی و عەسکەری، شەڕی ڕاگەیاندن و دەرخستنی کەموکورتی و گەندەڵی یەکتر. بەڵام ئەم دوو هێزە ململانێ و شەڕی ڕاگەیاندن و شەڕە جنێوەکانیان لە پێناو ژیانی خەڵکی یان بووونیاندانی کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو، حکومەتێکی دامەزراوەیی نییە، بەڵکو ئەم شەڕە لە پێناو پۆست و پارەدایە، هەرکاتێك لەسەر داهاتی نەوت و سەرچاوەکانی دارایی ڕێککەوتن ئەوا لە میدیاکانیانەوە یەکرێزی و کوردایەتی و دادپەروەری بەخەڵك دەفرۆشنەوە. دەڵێن لەپێناو هاوڵاتیدا ڕێککەوتووین، هەرکاتێکیش بەرژەوەندیە ئابوریەکانیان بەرامبەر یەك ڕاوەستا و نەیانتوانی پێکبێنن لەسەر داهات و قوتی خەڵك کە چۆن بیخەنە خزمەتی خۆیانەوە، ئەوا دەکەونە شەڕی ڕاگەیاندنی بەردەوام، دەڵێن شەڕ دەکەین لەسەر مافی هاوڵاتیان و کەسوکاری شەهیدان، کە بە بڕوای من ئەم جۆرە زمانەی ڕاگەیاندنە کاریگەری خراپی لەسەر کۆمەڵگە هەبووە و کۆمەڵگەیەکی جنێو فرۆشی دروستکردوە، هەروەها هەر لە تەنیشتی ئەم شەڕەی ڕاگەیاندنەوە، چەندین ئامانجی تریان هەیە بۆ نموونە وڵاتانی دەرەوەی سنوری هەرێم دەستدرێژی دەکەنە سەرخاکی کوردستان و هەمووان بێ دەنگن و خەڵکیان بە شەڕی ڕاگەیاندنی خۆیانەوە سەرقاڵ کردوە.

هەروەها پێم وایە تەنها ئەو کەسانە دەکەونە ژێر کاریگەری ئەم شەڕی ڕاگەیاندنە ساختەیەوە کە کادری هەردوو حیزبن و مێشکیان داگیرکراوە، ئەگینا هاوڵاتی هۆشیار بیر لە لێکەوتە خراپەکانی ئەم زمانە زبرە دەکاتەوە نایەوێت ببێت بە بەشێك لەم شەڕە، وە زۆرینەی خەڵك بڕوایان پێ ناکات تەنها ئەو کاتە نەبێت کە هەردوولا بەڵگەنامەی گەندەڵی یەکتربڵاودەکەنەوە، کە ئەویش بەهۆی ئەوەی دادگاکان ناتوانن ڕۆڵی خۆیان بگێڕن ناتوان کارلەسەر ئەو بەڵگەنامانە بکەن.

ئەم هێزانە بەهۆی پارە و چەکەوە نەك خۆیان چەندین حیزبی تری سێبەریشیان حکوم دەکەن لە هەرێمی کوردستان، هەربۆیە توانای خەڵکیش سنورداره لەم قۆناغەدا، دیارترین هەڵوێست وەرگرتن فراوانبوونی بەرەی بایکۆتی هەڵبژاردنەکان بوو، لە مانگی دەی ساڵی ڕابردوودا کە زۆرینە نە چوونە سەر سندوقەکانی دەنگدان، بەڵام ئەم زۆرینەی کۆمەڵگەیە کە ئێستا لەگەڵ بایکۆتدایە هیچ هیوایەکی بە هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانیش نییە و بە ساختەیان دەزانێت.

هەربۆیە قورسیشە بتوانین لەناو جوڵانەوەیەکی نارەزایی یان حیزبێکی نوێدا کۆیان بکەیتەوە، چونکە بە دڵنیاییەوە زۆرینەی ئەوانی بایکۆتیان هەڵبژارد هۆشیاری سیاسیان هەبووە، دەشزانن ئەم حیزبانەی هەرێمی کوردستان زۆریان سیاسەت دەکەن لەپێناو پاراستی بەرژەوەندی ئابوریاندا یاخود بۆ بە دەستهێنانی دەستکەوتی ئابوری درێژخایەن وەك بوون بە خاوەنی کۆمپانیای گەورە و زەویە تایبەت و گەورەکانی شارەکانی کوردستان.

# کرێکاران، زەحمەتکێشان، لایەنگرانی وشەو دەنگی ئازاد!

بڵاوکراوەی بۆپێشەوە، زمانی تیژ و پاراوی کۆمۆنیستی و ئازادیخوازی ئێوەیە، دەنگ و سەکۆی بزوتنەوەی نارەزایەتی سۆسیالیستیتانە، بەدژی نیزامی زاڵمانەی سەرمایەداری و سەکۆیەکی لێبراوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی فکر و ڕاگەیاندنی دارزیوو فریوکارانەی بۆرژوازی و بزوتنەوەو ڕەوتە سیاسی و فکری و حزبییەکانی... بڵندگۆی بانگەوازی هاوچینەکانتانە بۆ هاوپشتی و هاوخەباتی، وە دەنگ و مینبەری ڕاستەقینەی ئێوەیە لەدژی هەر زوڵم و ستەمێك کە لە کۆمەڵگەی سەرمایەداری ئێستادا، بەرامبەر ئێوە دەکرێت... لەیەك وشەدا، بۆ پێشەوە، سەکۆیەك و مینبەرێکە لە بەرەی شۆرشی کۆمەڵایەتی چینی کرێکاردا، بۆ ژێروژورکردنی دنیای زاڵمانەی سەرمایەداری و دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی سۆشیالیستی...

بۆ ئەوەی بۆ پێشەوە، بتوانیت نەخشی چینایەتی و ئەرکی پێناسەکراوی خۆی سەرکەوتوانە بباتە پێشەوە، لە هەواڵی نارەزایەتییەکانتان، لە خۆپیشاندان و مانگرتن و خواستەکانتان، لە کێشەو گیروگرفتەکان و ڕێگریەکانی بەردەم خەبات و یەکگرتوویتان، بەردەوام ئاگاداری بکەن... ئەو هەواڵانەی حزب و بزوتنەوە و میدیای بۆرژوازی و سێبەریان، دەیانەوێ بەلاڕێ، یان پەردەپۆشی بکەن، ئێوە بە ئێمەی بگەیەنن... ئەو ڕاستیانەی ئەوان پەردەپۆشی دەکەن، لە ڕێگای بۆپێشەووەوە، پەردەی لەسەر هەڵبماڵن... هەواڵی نائەمنی شوێنی کار و قوربانیانی، هەواڵی سەرکوت و دزی و تالانی دەسەڵات و کۆمپانیاکانیان، هەواڵی توندتیژی دژ بەژنان و قوربانیەکانیان، هەواڵی پێشێلکاری ئازادیە سیاسیەکان، ئازادی ڕۆژنامەگەری و ئازادی مافە فەردی و مەدەنییەکان... بە ئێمە بگەیەنن. بۆپێشەوە، دەنگی سازش هەڵنەگرو سەکۆی ڕاستبێژی و مەیدانێکی گرنگی ئێوەیە، لە پێناو دنیایەکی باشتردا. لەهەر جێگاو گۆشەیەکی ئەم دنیایە لەپەیوەندی بەردوامدابن لەگەڵیدا...ئەمەی خوارەوە ئەدرەس ئیمێل و پێگەی بۆ پێشەوەیە..

bopeshawa@gmail.com

www.bopehsawa.net



# تیرۆری شیرین ئەبو عەقلە کردەوەیەکی تیرۆریستی دەوڵەتی ملهوڕی سەر کوتگەری ئیسرائیلە...

**نووسینی: دەشتی جەمال**

١١ی مەی ٢٠٢٢ پەیامنێری کەناڵی ئەلجەزیرە، شیرین ئەبو عەقلە لە کاتی ڕوماڵی هێرشی سوپای تایبەتی ئیسرائیلی بۆ سەر شاری جینین لەلایەن یەکینەکانی دۆڤدۆفان سەر بە هێزی تایبەتی ئیسرائیلی تیرۆر کرا، ئەم ڕووداوە نارەزایەتی و نەفرەتێکی بەرینی لە ئاستی جیهاندا لێکەوتەوە و تەواوی میدیا جیهانییەکان و ڕێکخراوەکانی داکۆکیکار لە ئازادی ڕۆژنامەگەری و ئازادیخوازان کەوتنە ئیدانەکردنی ئەو تاوانە قێزەونە کە بەئاشکرا و عەمدی بەبەرچاوی زوومی کامێراکانەوە لەلایەن دەوڵەتی ملهوڕ و سەرکوتگەر و تیرۆریستی ئیسرائیلەوە دەستی بۆبراوە.

کاردانەوەی بەرفراوانی خەڵک بەرامبەر بە تیرۆری میدیاکار شیرین ئەبو عەقلە بە جلوبەرگی پیشەکەیەوە نموونەیەکی تر لە تیرۆریزمی دەوڵەتی فاشیستی ئیسرائیلی نیشاندا، کە ڕۆژانە خەڵکی مەزڵومی فەلەستینی کردۆتە نیشانەی ماشێنە جەنگی و تاوانکارییەکەی خۆیەوە. شیرین ئەبو عەقلە تەنها ئەوە نییە میدیاکارێکی کەناڵی ئەلجەزیرەیە و خەریکە پیشەکەی خۆی بەڕێوە دەبات، بەڵکو هەر خۆشی هاوڵاتییەکی فەلەستینی خەڵکی قودسە کە نکوڵی ئاشکرا لە ناسنامەی هاوڵاتی بوونی لێدەکرێت و بنچینەکەی ئەو زوڵم ستەمەیە کە دەیان ساڵە لە خەڵکی بێتاوانی فەلەستین دەکرێ.

سیاسەتی دووڕووی سەرانی ئەمریکا و غەرب لە کاردانەوەیان بەرامبەر بە تیرۆری شیرین ئەبو عەقلە ڕەنگدانەوەی ستراتیژی دۆستایەتی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانیتی لەگەڵ ئیسرائیل کە بە درێژایی چەند سال لەپاڵ سیاسەتی داگیرکاری و کوشتاری خوێناوی و ئاوارەیی و دەربەدەری خەڵکی فەلەستیندا، خۆیان لێ لاداوە. دەوڵەتێکی قەومی و یەهودی دەیان ساڵە لەڕێگای کوشتار و خوێن ڕشتن و کاولکاری و ئاوارەکردنی خەڵکی فەلەستین و پایماڵکردنی سەرەتاییترین مافەکانی خەڵکی فەلەستینییەکان و سیاسەتی دروستکردنی مستەوتەنات، بالادەستی خۆی بەپشتیوانی ئەمریکا و ئەوروپا ڕاگرتوە، هاوکات لە غیابی بزووتنەوەی سۆشیالیستی و ئازادیخوازانەدا و بەدوای شکستی پرۆژەی ناسیونالیزمی عەرەبیدا، چەند حزب و دەستە و گروپی ئیسلامی و قەومی فرسەتی ئەوەیان بۆ هەڵکەوت تا خۆیان بەخاوەنی کێشەی فەلەستین ناوزەد بکەن و بیکەنە بابەتێک بۆ داسەپاندنی دەسەڵاتی خۆیان. بەڵام ئەوەی کە لە گشت ئەم مێژووەدا سەنتەرە، ئەوەیە کە بوونی دەوڵەتی ئیسرائیل سەرچاوە و هۆکاری بنەڕەتی و سەرەکییە کە خەڵکی فەلەستینی کردۆتە قوربانی خۆی و هەروەها چینی دەسەڵاتداری ئیسرائیل تەواوی هەوڵی بۆ ئەوە بووە کە ئەم مافە کوێرکاتەوە، هەروەها لە دۆخێکی جیهانیدا کە شەڕی ئۆکرانیا و کێشمەکێشی هێزە ئیمپریالیستەکان لێکەوتەکانی ئاکامێکی زیانباری بەدوادا هاتووە. لە هەلومەرجێکی ئاوادایە کە پەلاماری جەنگی بۆ سەر جینین دەبێتە پێداویستییەکی ڕۆژ بۆ حکومەتی ئیسرائیل. هەربۆیە بەرگرتن و سنوور دانانێک بۆ ئەم بەربەریەت و کوشتارەی دەوڵەتی ئیسرائیل و پاشەکشە پێکردن بە سیاسەتی ڕاسترەوی و فاشیستی حکومەتی ئیسرائیل تەنها و تەنها لە گرەوی پێکهێنانی دوو دەوڵەتی سەربەخۆی یەکسان لە مافدایە، ئەمە ئەو ڕێگاچارە عەمەلی و کارسازەیە بۆ کۆتاییهێنان بە کێشەی فەلەستین هاوکات وەڵامی دانشکێنە بە باڵی ڕاستی چینی فەرمانڕەوای ئیسرائیل.

شیرین ئەبو عەقلە یەکەمین و دوایین میدیاکار و ڕۆژنامەنووس و قوربانی نییە کە بە دەستی دەوڵەتی ئیسرائیلی تیرۆر دەکرێت. پێویستە هەموو بەرەی ئازادیخوازان و مرۆڤدۆستی و هێز و لایەنی سیاسی و جەماوەری و هەموو دەنگێکی میدیای ئازاد، بە دژی ئەم کردەوە تیرۆریستییە ڕابوەستن و بێدەنگ نەبن، بۆئەوەی کە کۆمەڵگەی فەلەستین دەستی بە سیستەمێکی دادپەروەرانە و دوور لە ستەم و چەوسانەوە بگات. دەبێت خەڵکی فەلەستین دەربارەی جیابوونەوە و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان بەپێکهێنانی دوو دەوڵەت، سنوورێک بۆ ئەم ژێردەستەیی و خوێنڕێژییە بەردەوامە دابنێت، وە ئەمەش هەردوولا لە پەیوەندێکی دەوڵەتی و قانوونی بە ڕەسمییەت ناسراوی نێودەوڵەتیدا رادەگرێ لەگەڵ دەوڵەتی ئیسرائیل. ئەو دەورە لە ئەحزابی کۆنەپەرست و نامرۆڤانەیە دەگرێت وە دەکەونە لاوە کە ناسنامەی مەزهەبی و نەژادی بۆ خەڵک دادەتاشن وە پەیکەری نوێی خەبات بۆ ئازادی و یەکسانی و خۆشگوزەرانی کۆمەڵگەیەکی دوور لە تیرۆر و چەوساندنەوە خۆش دەکات.

١٢/٥/٢٠٢٢

# عێراق و هەرێمی کوردستان لەنێوان بەرداشی تورکیا و ئێران دا



**نووسینی: ئەحمەد هەورامی**

تورکیا و ئێران دوو وڵاتی دراوسێی عێراقن، بە بیانوی بوونی نەیارانیان لە خاکی هەرێمی کوردستاندا خاکەکەی دەبەزێنن و سەرورەری خاکی عێراقیش پێشێل دەکەن بەشێوەیەک ئەو دوو وڵاتە زۆرترین بوونی سەربازیان لە عێراقدا هەیە، لەماوەی کەمتر لە چوارساڵدا چەندین جار هەرێمی کوردستانیان مووشەک باران کردووە، بە بیانووی بوونی نەیاران و بنکەی هەواڵگری ئیسرائیلەوە. ئەم دوو وڵاتە بەهۆی کردەوە سەربازیەکانیان عێراقیان گیرۆدە کردووە لەڕووی سیاسی و سەربازییەکانیان، ئەمەش بە بارمتە گرتنی عێراق ناو دەهێنرێت لە لایەن تورکیا و ئێرانەوە. بەگشتی تورکیا بەپەنجە و ئێران بە حەشد بە موشەکبارانی لەو ماوەی رابردوودا زۆرترین کێشەیان بۆ عێراق و هەرێم دروست کردووە.

ڕۆژنامەیەکی ئەڵمانی (تاکس ئێشپیگل) ئاشکرای دەکات تورکیا بە ئۆپەراسیۆنی سەربازی و ئێران بە چەکدارە شیعەکانی موشەکبارانی هەرێمی کوردستان و عێراقیان بە ئاراستە گرتووە. ڕۆژنامەکە بڵاوی کردوەتەوە عێراق بووەتە دیل و بارمتەی دەستی تورکیا و ئێران، چونکە ئەو دوو وڵاتە زۆرترین هێزی چەکدار و بنکەی سەربازیان هەیە لە خاکی ئەو وڵاتە و دراوسێ یان.

تورکیا لە (17ی نیسانی 2022)دا ئۆپەراسیۆنێکی بەرفراوانی لە خاکی هەرێمی کوردستاندا دەستپێکردووە. تورکیا بەهەموو جۆرە چەک و فرۆکەی جەنگی دەستی بە ئۆپەراسیۆنێکی بەرفراوان کردووە بە بیانووی بوونی گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان، بە فرۆکەی بێ فرۆکەوان و فرۆکەی جەنگی و تۆپ هێرشی کردووەتە سەر ئەو ناوچانە، لەکاتێکدا دەیان بنکە و بارەگای خۆی لە هەرێمی کوردستان جێگیر کردووە.

ڕۆژنامەکە ئاماژەی بەوە کردووە تورکیا (40) ساڵە دژی پەکەکە شەڕ دەکات و تەنانەت نەیتوانیووە ئەم هێزە لاواز بکات، بۆیە ئەوەی زیانمەندی سەرەکی ئۆپراسیۆنەکەیە هەرێمی کوردستان و وڵاتی عێراقە.

لە راپۆرتی ڕۆژنامەکەدا هاتووە، هاوکات بوونی ئێرانیش لە خاکی عێراق حاشا هەڵنەگرە. ئەو وڵاتە زیاتر لە تورکیا زۆرترین کاریگەری سیاسی و سەربازی لە عێراق و هەرێمدا هەیە، بەتایبەت لە هەرکاتێکدا بیەوێت بە بیانووی بوونی چەکدارانی نەیار و هەواڵگری ئیسرائیلی لەهەرێمی کوردستاندا دەست بە مووشەک باران دەکات.

دوای شکستی گروپە شیعەکانی نزیکی ئێران لە هەڵبژاردنەکانی عێراقدا، هەڵوێستەکانی زیاتر توندبوونەوە بەتایبەت کە زۆربەی هێزە شیعەکان و چەکدارانی حەشدی شەعبی لەژێر کاریگەری ئەو وڵاتەدا جموجۆڵی سیاسی و سەربازی دەکەن.

تورکیا لەماوەی سێ ساڵدا زیاتر لە دە ئۆپەراسیۆنی سەربازی لە خاکی هەرێمی کوردستاندا ئەنجامداوە و تەواویان بەناوی (چنگ) دەستپێدەکەن، لەو ئۆپەراسیۆنانەشدا بە قوولایی (50)کم خاکی هەرێمی کوردستانی داگیر کردووە و بنکە و بارەگای لەو شوێنانە داناوە و جێگیر بوون. ئەوە تێبینی کراوە لەسەرجەم ئەو ئۆپەراسیۆنانەدا سوپای تورکیا لەهەر ناوچەیەک جێگیر بووبێت ناوچەکەی چۆڵ نەکردووە، ئەوەش وەک داگیرکاری ئەژمار کراوە.

سەرقاڵ بوونی عێراق بەکێشە ناوخۆییەکان و بێ توانایی هەرێمی کوردستان بۆ پاراستنی ناوچەکەی، تورکیا ئەوەی قۆستوتەوە بۆ فراوانکردنی دەسەڵاتی لەو بازنەیەدا. بابەتەکە لە پەلاماری پەکەکە تێپەڕی کردووە، لێدانی گوندە مەسیحیە نشینەکان و گوندی کوردییەکان و چوونە ناوەوە بۆ شەنگال، زیاتر لە (30) بنکەی سەربازی لە کوردستان هەیە. لێپرسراوی ڕاگەیاندنی مەڵبەندی موسڵی یەکێتی نیشتمانی/ ڕایگەیاند تورکیا دەستی بە ڕەوانەکردنی هێزێکی سەربازی گەورە کردووە بەرەو بنکە سەربازییەکانی لە هەرێمی کوردستاندا، ئامێر و کادیری ئەندازیاری ڕەوانەی هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆک کردووە، بەنیازی بونیادنانی بنکەی سەربازی نوێ لەهەردوو پارێزگاکەدا، کە بنکەی سەربازی هەمیشەیی دەبن، ئەمەش بەمەبەست لێی زیاد کردنی هەژموون و دەسەڵاتی ئەنکەرەیە لەناوچەکەدا.

ئۆپەراسیۆنەکانی پەنجە یا چنگ ئەو ناوەیە کە هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان پێی ئاشنان لەهەر کاتێکدا ئەنجام بدرێن، ئەو چنگ و پەنجانە بە جەستەی نیشتمانەکەیانەوە دیارە. سوپای تورکیا ئەو سوپایەیە کە بەردەوام بە پەنجە و چنگەکانی جەستەی هەرێمی کوردستان و خاکەکەی دەروشێنێت و لە هەوڵی بریندارکردنی جەستەی ماندووی کوردستانە.

مێژووی دەوڵەتی تورکیا لە دامەزراندنییەوە تا ئێستا لە ئەتا تورکەوە بۆ ئوردوغان مێژووی خوێن و شمشێرە، مێژووی هێرش و پەلامارە بۆسەر ئازادی و بوونی کورد وەک نەتەوەیەک. ئوردوغان باس لەوە دەکات لەساڵی 2023 دا دوای تێپەڕبوونی سەد ساڵ بەسەر پەیمانی لوزانی ساڵی 1923دا ئەوکاتە تورکیا مافی

بۆ لاپەرە 12

# ئازادی ژن ئازادبوونی کۆمەڵگەیە "

نووسینی: بێریڤان مەحمود

بیرمەندێک دەڵێت: بۆ ئەوەی ئازادی و دیموکراسیی هەر کۆمەڵگەیەک هەڵسەنگێنین، دەبێت سەیری ئازادبوونی ژن بکەین لەناو ئەو کۆمەڵگەیەدا، بەو مانایەی ژنانی هەر کۆمەڵگەیەک چەندە ئازاد بوون، ئەوا کۆمەڵگەکەیان هێندەی ئازادبوونی ژنانیان ئازادە و بە پێچەوانەوە.

کەواتە ئەگەر ئێمە بمانەوێت دیموکراسیی کۆمەڵگەی کوردستان هەڵسەنگێنین، دەبێت سەیری ئازادبوونی ژنانی بکەین. دەبێت ئازادیخوازانی ئەم کۆمەڵگەیە بزانن، ئەگەر بمانەوێت کۆمەڵگەی کوردی پێش بخەین و بەرەو دیموکراسیی ببەین، پێش دیموکراسیی سیاسی و قبووڵکردن و ئاڵوگۆڕکردنی ئاشتییانەی دەسەڵات لە لایەن سەرکردەکانی کوردەوە دەبێت کار بۆ بڵاوکردنەوەی دیموکراسی و ئازدبوونی کۆمەڵگە خۆی بکەین، چونکە ئەوە دیموکراسیی و ئازادی کۆمەڵگەیە دواجار کاریگەری لەسەر دەسەڵاتە سیاسی و ئاڵوگۆڕی ئاشتییانەی دەسەڵاتیش دەبێت. ئەگەر دیقەتی کۆمەڵگەکانی رۆژئاوا بدەین، لە کاتی دۆڕاندنی هەڵبژاردندا سەرۆکی وڵات یان پارتی دەسەڵاتدار بە ئاسانی دەستبەرداری دەسەڵات دەبێت و تەنانەت وتاری شکست پێشکەش دەکات و بە چەپکە گوڵ پێشوازی لە پارتی براوە دەکات! بەڵام بۆچی لە وڵاتانی رۆژهەڵاتدا پارتی دەسەڵاتدار لە دوای تەواوکردنی دوو خولی دەسەڵات، سەرۆک یاخود پارتی دەسەڵاتدار دەستبەرداری کورسیی سەرۆکایەتی نابێت و بە دوای حیلە شەرعیدا دەگەڕێت و ماوەی نایاسایی کورسییەکەی درێژ دەکاتەوە. کەواتە تێدەگەین نووسانی سەرکردەکانی رۆژهەڵات بە کورسییەکانیانەوە، دەرئەنجامی پێنەگەیشتنی کۆمەڵگەکانیانە لە رووی بنەماکان و پێوەرەکانی دیموکراسی. ئەگەر کۆمەڵگە رۆژهەڵاتییەکان بنەماکانی دیموکراسییان هەزم بکردایە، ئەوا لایەنە سیاسییەکەشی هەزمی بردنەوە و دۆڕانی هەڵبژاردن و دەستاودەستکردنی دەسەڵاتی دەکرد. کەواتە وڵاتانی رۆژهەڵات بیانەوێت بیر لە پێکەوەژیان و کولتوورێکی دوور لە توندوتیژی بکەنەوە، دەبێت سەرەتا بیر لە رەنگڕێژکردنی کۆمەڵگەکانیان بە پێوەرە دیموکراسییەکان بکەنەوە و لەو چوارچێوەشدا ژن ئازاد بکرێت.

ئازادبوونی ئێمەی ژنانیش بە چوونە دەرەوەی ژن لە چێشتخانە تایبەتییەکانی ماڵاکاندایە. دەبێت ئەو زەهنییەتە بگۆڕین کە ژن وەک ئامێرێکی چێشتلێنەر و بەخێوێکردنی منداڵ و بۆ زاوزێکردن لێی بڕوانرێت، بەڵکو ژن لە بوارەکانی پەروەردەیی و بازاڕ و کارگە و کۆی جومگەکانی کۆمەڵگە و تەنانەت ناوەندەکانی دەسەڵات ژن رۆڵی خۆی هەبێت. بەرپرسیارێتی جێبەجێکردنی ئەو میکانیزمەی کە ژن رۆڵی هەبێت، بەشێکی لە ئەستۆی پیاوانە کە هاوکاریکردنی ژنان لە ئەستۆ بگرن و بەشێکی تریش لە ئەستۆی ژنان خۆیانە کە دەبێت چاوەڕوانی ئەوە نەبن هەر دەسەڵاتیان پێ بدرێت و مافیان پێ بدرێت، بەڵکو قۆڵی لێ هەڵبماڵن و شۆڕشێکی پەروەردەیی و زەهنی و کردەیی ئەنجامبدەن.

بەڵام بەداخەوە ئەوەی لە کوردستان دەبینرێت، چالاکوانی مەدەنی ژنان و ئەو کەسانەی کە خۆیان بە نوێنەرانی ژنان دەزانن، تەنیا لە رۆژانی هەشتی مارس یاخود لە کاتی کوشتنی ژنێکدا چالاکی و دەنگە دەنگێکیان لێوە دێت، بەڵام باقی رۆژەکانی تر چالاکانی ژنان کە خۆیان بە خەمخۆر و نوێنەرانی ژنان دەزانن، سەرقاڵی ژیانی تایبەتی خۆیانن، ئەگەر چالاکانی ژنان و نوێنەرانی ژنان ئەم قسەیە رەت دەکەنەوە، کەواتە بۆچی تا دێت رێژەی کوشتن و توندوتیژی دژ بە ژنان لە سەرجەم شار و شارۆکەکانی هەرێم ئەگەر زیادی نەکردبێت، ئەوا وەک خۆیەتی؟

## پرسی ژن ؟



توندوتیژی دژ بەژنان، لە هەڕەشەو سوکایەتیەوە بۆ لێدان و تیرۆرکردن، یان ناچارکردنی ژنان بە خۆکوژی، دیاردەیەکی شەرماوەری کۆمەڵگەی کوردستانە... بەمەبەستی تاوتوێکردنی بنەماو هۆکارە سەرەکیەکانی توندوتیژی و رێگەگرتن و کۆتاییهێنان بەو دیاردەیە، بۆ پێشەوە، ئەم تەوەرە تایبەتییەی کردۆتەوە کە لەهەر ژمارەیەکی دا لە رێگای وتار، دیمانە،

ڕاپۆرت، بابەتی وەرگێڕدراو... تیشک دەخاتە سەر هەلومەرج و پرسی ژنان و خستنە ڕووی ئەزموون و ڕێگاچارەی ئینسانی و یەکسانیخوازانە..

بەرپرسی گۆشە: شوانە حەسەن ئەبوبەکر

## سەرخەتی مافەکانی ژنان لە بەرنامەی دنیایەکی باشتردا

1. ڕاگەیاندنی یەکسانیی تەواو و بێقەیدوشەرتی ژنان و پیاوان لە مافە مەدەنی و فەردیەکاندا و هەڵوەشاندنەوەی هەموو ئەو یاسا و ڕێسایانەی کە لەگەڵ ئەم پرنسیپەدا ناکۆکن.
2. دابینکردنی دەستبەجێی یەکسانیی تەواوی ژن و پیاو بۆ بەشداریکردن لە ژیانی سیاسی کۆمەڵگا لەئاستە جیاجیاکاندا. مافی بێقەیدوشەرتی ژنان بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردن لە هەموو ئاستەکاندا و بەدەستهێنان و گرتنی هەر پۆست و پلەوپایەیەك، سیاسی بێت یان ئیداری یان دادوەری ...تاد. هەڵوەشاندنەوەی هەر یاسا و ڕێسایەك کە مافی ژنان لەبەشداریکردنی یەکسان لە ژیانی سیاسی و ئیداری کۆمەڵگادا بەرتەسك دەکاتەوە.
3. یەکسانیی تەواوی مافەکان و جێوشوێنی یاسایی ژن و پیاو لەخێزاندا. هەڵوەشاندنەوەی ئیمتیازاتەکانی پیاو وەکو"سەرپەرشتیاری خێزان" و دانانی ماف و ئەرکی یەکسان بۆ ژن و پیاو لەپەیوەند بە سەرپەرشتی و پەروەردەکردنی منداڵ، کۆنترۆڵکردن و بەڕێوەبردنی ماڵ و موڵك و کاروباری دارایی خێزان، میرات، هەڵبژاردنی شوێنی ژیان و نیشتەجێبوون، کاری ناوماڵ و پیشەیی، تەڵاق، سەرپەرشتیکردنی منداڵانی ساوا لەحاڵەتی جیابوونەوەدا و بەشکردن و خاوەندارێتیکردنی ماڵوموڵکی خێزان. قەدەغەکردنی فرەژنی. قەدەغەکردنی سیغە. هەڵوەشاندنەوەی هەموو ئەو ئەرکانەی لە شەرع و دابونەریتە کۆنەکاندا بۆ ژن بەرامبەر بە پیاو دیاریکراوە و دەبنە مایەی یەخسیربوونی، قەدەغەکردنی پەیوەندیی جنسیی مێرد لەگەڵ ژنەکەیدا بەبێ مەیلی ژن، تەنانەت ئەگەر بەبێ توندوتیژیش بێت. لە حاڵەتی شکاتکردنی ژنەکەدا دەبێ ئەم کەیسانە وەکو دەستدرێژیی جنسیی لەلایەن مێردەکەیەوە پەیگیری بکرێ و دادگایی بکرێ. قەدەغەکردنی سەپاندنی کاری ناوماڵ یاخود ئەرکی تایبەتیی ماڵداریی بەسەر ژنان لە خێزاندا. دانانی سزای قورس بۆ هەرجۆرە ئازاردان، ترساندن، ئازادی زەوتکردن، سووکایەتی و توندوتیژیەك لەدژی ژنان و کچان لە خێزاندا.
4. یەکسانیی تەواوی ژن و پیاو لە مەیدانی ئابووری و کاری پیشەییدا. باڵکێشانی یەکسانی یاساکانی کار و بیمە کۆمەڵایەتیەکان بەسەر ژنان و پیاواندا، بەبێ هیچ جۆرە جیاکاریەك. کرێی یەکسان بۆ ژن و پیاو لەبەرامبەر کاری هاوشێوەدا. هەڵوەشاندنەوەی هەرجۆرە تەنگەبەریەك بۆ چوونی ژنان بۆ سەر کار و پیشە جیاجیاکان. یەکسانیی تەواوی ژنان و پیاوان لە هەموو کاروبارەکانی پەیوەست بە کرێ، بیمەکان، ئیجازەکان ، سەعات و شیفتی کار، کاردابەشکردن و پۆلێنکردنی کارەکان، پلەبەرزبوونەوە لە کاردا، نوێنەرایەتیکردنی کرێکاران لە ئاستە جیاجیاکاندا. پەسەندکردن و بەڕێوەبردنی یاساورێسا و ستانداردی تایبەتی لە دامەزراوەکاندا بۆ زامنکردنی بەردەوامبوونی ژنان لەسەر کارو پیشەکانیان، وەکو قەدەغەکردنی دەرکردنی ژنانی دووگیان، قەدەغەکردنی سپاردنی کاری قورس بە ژنانی دووگیان و دابینکردنی پێداویستیە تایبەتیەکانی ژنان لەشوێنی کاردا. ١٦ هەفتە مۆڵەت بۆ کاتی دووگیانی و منداڵبوون و یەك ساڵ مۆڵەت بۆ چاودێریکردنی کۆرپە، کە دەبێ بەپێی ڕێککەوتنی هەردوولا لەلایەن ژن و مێردەوە کەڵکی لێوەربگیرێ. پێکهێنانی هەیئەتەکانی لێپرسینەوە و کۆنترۆڵکردن کە ئەرکیان چاودێریکردنی بەڕێوەبردنی ئەم ئەرکانەیە لەلایەن دامەزراوەکانەوە.

پێکهێنانی دامەزراوەی تایبەت بۆ دەستنیشانکردن و بڕیاردان لەسەر جێبەجێکردنی مافەکانی ژن و پیاو لە کارە پیشەییەکان و شوێنەکانی کاردا بەشێوەی یەکسان، چ دەوڵەتی بێت یان غەیرە دەوڵەتی، قازانج نەویست بێت یان قازانجهێنەر. لێپێچینەوەی یاسایی و سزادانی گەورەی ئەو دامەزراوە و بەڕێوەبەرانەی کە بنەمای یەکسانیی ڕەهای ژن و پیاو لە چالاکی پیشەییدا پێشێل دەکەن.

پێکهێنانی دامەزراوە و دامودەزگا و فەراهەمکردنی ئاسانکاریی خۆڕایی وەك دایەنگە و باخچەی ساوایان و مەڵبەندەکانی یاری و پەروەردەکردنی ساوایان لە گەڕەکەکاندا کە بە لەبەرچاوگرتنی گوشاری یەکلایەنەی کاری ناوماڵ و چاودێریکردنی منداڵان لەسەر ژنان لە هەلومەرجی ئێستادا، هەنگاونانی ژنان بۆناو چالاکی ئابووری و سیاسی و کەلتووری لە دەرەوەی خێزان ئاسان دەکەن.

1. هەڵوەشاندنەوەی هەموو ئەو یاساوڕێسا دەستوپێگیر و دواکەوتووە ئەخلاقی، کەلتووری و ناموسیانەی کە لەگەڵ سەربەخۆیی و ئیرادەی سەربەخۆی ژنان و شەخسیەتی ئەوان وەکو هاوڵاتیەکی خاوەن مافی یەکسان لە کۆمەڵگادا نایەنەوە. هەڵوەشاندنەوەی هەرجۆرە کۆسپ دانانێك لەڕێگای مافی سەفەرکردن و جێگۆڕکێی ژناندا، شووی کردبێ یان نەیکردبێ، لە ناوخۆ یان لە دەرەوەی وڵات، بە حەز و ئارەزووی خۆی. هەڵوەشاندنەوەی هەموو ئەو یاساوڕێسایانەی کە ئازادی ژنان لە هەڵبژاردنی جلوبەرگ و پۆشاکیاندا، هەڵبژاردنی کار و هاوەڵانیاندا، بەرتەسك دەکەنەوە. قەدەغەکردنی هەرجۆرە جیاکردنەوەیەکی ژنان و پیاوان لە دامەزراوە و کۆڕ و کۆبوونەوە و گوزەر و هۆیەکانی گواستنەوەی گشتیدا. فێرکردن و بارهێنانی تێکەڵاو لە هەموو ئاستەکاندا. قەدەغەکردنی بەکارهێنانی ئەو نازناوانەی کە ژن بەپێی جێوشوێنی لەبەرانبەر پیاودا پێناسە دەکات، لە نامە و نووسراو و قسەوباسە ڕەسمیەکاندا لەلایەن کاربەدەستان و دامودەزگا و دامەزراوە دەوڵەتی و تایبەتیەکانەوە. قەدەغەکردنی هەرجۆرە خۆتێهەڵقورتاندنێك لەلایەن هەر ناوەندێکەوە بێت، چ کەسوکار بێت یان دامودەزگاو ناوەندە ڕەسمیەکان لە ژیانی تایبەتی و پەیوەندیە شەخسی. و سۆزداری و جنسیەکانی ژناندا. قەدەغەکردنی هەرجۆرە مامەڵەیەکی سوکایەتی ئامێز، پیاوسالارانە، باوکسالارانە و نایەکسان لەگەڵ ژناندا لە دامودەزگا و دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکاندا. قەدەغەکردنی ئاماژە کردن بۆ ڕەگەزی ئینسانەکان لە ئاگاداریەکانی کاردا. لابردنی هەموو ئاماژە جیاکاری و سوکایەتی ئامێزەکان بەرامبەر بە ژنان لە کتێب و سەرچاوەکانی خوێندندا و لەبری ئەمە دانانی بابەتی خوێندنی پێویست بۆ نیشاندانی یەکسانیی ژن و پیاو و ڕەخنەگرتن لە شێوە جیاجیاکانی ستەمکێشی ژن لە کۆمەڵگادا. پێکهێنانی دامودەزگای پشکنین و دیاریکردنی تاوان و یەکەکانی پۆلیسی تایبەت بە مامەڵەکردن لەگەڵ حاڵەتەکانی ئازاردان و جیاکاری بەرامبەر بە ژنان.

گۆشەی ئەدەب و هونەر، گۆشەیەکی تایبەتی بۆپێشەوەیە کە لەهەر ژمارەیەکدا بابەتێکی ئەدەبی یان هونەری لەشێوەی هۆنراوە، تێکستی ئەدەبی، وەرگێران، بڵاودەکاتەوە، یاخود دیمانە لەگەڵ ئەدیب و هونەرمەندێك یان ناساندنیان رێك دەخات...

ئامادەکرنی گۆشە: کاوان قادر و هیوا ساڵح، حەکیم

گۆشەی ئەدەب و هونەر



# درزێك کەوتۆتەوە ڕوحمەوە

شتێك ڕودەدات
بەبێدەنگی چۆلەکەکان و نەفڕینی کۆترە شینکەکاندا دەزانم
شەقامێك غەرقی قەرەباڵغی دەبێت
شتێك ڕوودەدات
درزێك دەکەوێتە ڕۆحمەووە
پارچەیەك لەدڵم دەبێتەوە
بەگریانی کچە هەڵەبجەیەکدا دەزانم
کاتێك لەسەرگۆڕی براکەی بەکوڵ دەگری
شتێك ڕوودەدات
بەئاسکێکی پێکراودا دەزانم
کەبەلای کانیەکی داپۆشراوەوە دەگری
شتێك ڕوودەدات

زۆر سترێسم زۆر قەلەقم
بەگۆڕانی لێدانی دڵما دەزانم کەهەموومان مردوین
هەموومان لەسەر دووقاچ نەوەستاوین
بەڵام هەرئەڕۆین بەڕێوەو
شانمان بەشانی یەکتری دەکەوێت و
یەکتری ناناسینەوە
لەبەردەمی یەکتریدا دەکەوین و یەکتری بەرزناکەینەوە

شتێك ڕوودەدات
ماتەمینێك ئەمناوە دادەگرێت
کونێك دەکەوێتە ئاسمانەوەو خوێن دەبارێت
زۆر قەلەقم وەك ئەوەی دڵم پێمبڵێت
دونیا ئاخرەو هەمووشتێك کۆتایی دێت
سەرم دێشێت ئەڵێی شێتێکی بەدبەختم
قۆپچەی کراسەکەم بۆداناخرێت
ئاوڕم لەدواوە بۆنادرێتەوە
شتێکم لەسەر بێزاری خۆم بۆ نانووسرێت

ئەزانم شتێك ڕوودەدات
شتێك لەهیچ شتەکانیتر ناچێت
شتێك نەڕەنگی لەڕەنگەکانی تردەچێت و
نەدەنگی لەو دەنگانە دەچێت کەباوەك شمشاڵێك دەیژەنێت

زۆر قەلەقم
سەرم لەوەرزەکانیش شێواندووە
دەستم بەدڵمەوە دەلەرزێت
ساتە ناساتێك چاوم لەسەرم دەکەوێتە خوارەوەو
جەستەم دەکەوێتە شینوو شەپۆڕ
پێدەچێت دوونیا ئاخربێت و
مردووەکان زەماوەند بگێڕن

زۆر سترێسم
دەستم بەپەرداخە ئاوەکەوە دەلەرزێت
دڵم لەدەرەوەی سنگم لێدەدات
شێتەکان پێم پێدەکەن
منالە سواڵکەرەکان بەدیارمەوە دەگرین
هەموو گیانم نیشتۆتە سەر ئارەق
بەپێوەم و خەوتوم
بەپێوەم و تەماشای تەرمەکەی خۆم دەکەم
ئەبینم بەچەند کەسێك ئەمدیوەو دیوم دەکەن
زۆر قەلەقم ئەزانم شتێك ڕودەدات
شتێك لەهیچ شتەکانیتر ناچێت
..............

**میرزا**

**٩/٥/٢٠٢٢**

# کورتە چیرۆك

## نووسینی: ئارام حەسەن



لە دەوروبەری شاری بانە

دوای نوێژی خەوتن، مەلایەك هەر پێنج فەقێکەی خۆی ڕادەسپێرێ دەمەوبەیان بچن نۆکەندی توتنی بۆبکەن، تاریک و ڕوون بەدەم ڕێوە یەکێکیان داوادەکا بە هەر پێنجیان شیعرێکی پێنج خشتەکی بهۆننەوە، هەر خۆیشی یەکەم دێڕ دادەڕێژێ و دەڵێت:

ــ "سەحەر هات و فەقێیان گشت بزووتن"

دووەم:

ــ "هەموو ڕۆیین لەبۆ نۆکەندی تووتن"

سێیەم:

ــ "ئەشعاری مە وەکو یاقووتی ڕووتن"

چوارەم:

ــ "قەدەم لێدە، بێگاری مەلا تاک و جووتن"

پێنجەم فەقێ، بە پێکەنینەوە کۆتایی بە شیعرەکە دەهێنێ و دەڵێت:

ــ "لە قونێو بەم لەبۆ شیعرێ کوتووتن"

---

★نۆکەندی توتن: دەستەواژەیەکی کشتوکاڵیە جوتیارانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەکاری دەهێنن، واتا پاچەکۆڵە کردن، یاخود شیکردنەوەی زەوی بە پاچ، یان قازمەی بچووک.



## ئارام حەسەن:

**بۆئەوەی لەمە زیاتر ژەنگی حیزب نەیخوات و لەنێو تەپۆتۆزی درۆدا بە تەواوی نەپوکێتەوە، ئیتر کاتی ئەوەیە دەستەواژەی (پێشمەرگە) وەك هەر کەرەستەیەکی ماوەبەسەرچوو، لە مۆزەخانەی نەتەوەیی هەڵبواسرێت...**

# منم هێزی کار...



منم هێزی کار
چەرخی جیهان دەسوڕێنم،
تەنها
ژیانی مەمرەومەژی
پێکدەهێنم !!..
منم هێزی کار
دروستکەری " قازانج
"کە ئێستاکە،
بۆ مشتێ سەرمایەدار
بۆتە ئۆقیانووسێک ...
لەناو ئەو زەریا فراوانەی
" قازانج " دا
ژیان، هەموو ڕۆژێک
دەست دەنێتە بینەقاقام
هەتا چرکەی گیان
دەرچوونم..
ئەوکات دیسان،
دەست شل دەکات،
بۆ مەینەتییەکانی
سبەینێ!!..

**حەسەن عارف**

# چەند کورتە شیعرێ: خالید بایەزیدی (دلیر)



لەتفەنگەکان!
شانە دروست کەین
بۆ زوڵفی ئاوریشمی کیژە جەنگاوەرەکان
مۆسیقا بژەنین
بەڵکو...گۆرانی
تۆزی ئاوێنەکان لابەرین

.................................

وانەی یەکەم
درۆ دوژمنی خوایە
بابە نانی دا
بابە ئاوی دا
مەگەر نەی دەزانی؟
خوانەکانمان خاڵییە
....مامۆستا

.................................

بە پاروە نانێك
تێرمان دەکەن
بە پارووپە نانێك

برسی....
بەشی ئێمە بوو
لە منالّیەوە
هەتاکوو مردن

.........................

ئەوەندە نەژیاوم
ژیانم
لە بیرچۆتەوە
هەر بۆیە....
هەرکات ڕوبەڕوی یەك دەبین
ڕوو لەیەك وەردەگیرین

.................................

...........

چاوم کە لێدەکەی
لە چاوە دەریایەکانتدا
دەبمە ماسی
بە شەپۆلی قژەکانت
سەما دەکەی بە دلّم

.................................


پیریم!
لە پێشکەی تەمەن
لایە لایە دەخوێنی
کازیوەی بەری بەیان
سەرینەکەم
لە گریانی منالّیم دا
تەڕ تەڕ دەبێ

..........................

دارێکی ماندوو
لقەکانی دەشکێنێ
لە قریوە قریوەی ...
قەلەڕەشەکان
هەر بیرەوەریەکمان
بالّندەیەکە
لە قەفەسی تەنیایی مان دا
کە بۆ ئازادی
پەڕو بالّ لێدەدا

# دیواری تابۆ..

## شەماڵ بارەوانی



دەرگای دیواری تابۆ بشکێنە و
پەردەی پەنجەرەی شەرم لابە

وەرە تاریکی باڵەخانەی تەنیاییم
بە فانۆزی ڕوت ڕووناککەرەوە

لێواری ئەتەگی ئشتیات
بە تەنافی بێ ئۆقرەییم هەڵواسەو
دەمی قەسیدەت بخەرە نێو دەمی شیعرمەوە

ستیانی هەستت
لە لقی بای حەزی جەستەما ببەستە
و
بە دەستی بوێریت
زنجیری پانتۆڵی بەختم بکەرەوە و
یاری بە ملپێچی هەوەسم بکە

لەسەر قەرەوێڵەی بوونم
دۆشەگی ترپەی دڵمم بۆ ڕاخستووی

لە ناو نوێنی تامەزرۆییمدا ڕاکشێ و
لەسەر سەرچەفی حەزەکانم
ڕووحت ڕووت کەرەوە


سەرت بخەرە سەر سەرینی گۆنام و
دەست بنێ گەردنی تاسەی هەناسەکانم

بە شیرینی ماچی سۆزت
لاقەی تینوێتی تاڵی مەراقم بکە

ئاوێتەی ئینجانەی خەیاڵم بە و
لە ئامێزی خولیام بتوێوە
مایۆی چاوەڕوانی داکەنە
لەگەڵ تارمایی خەونمدا جووت بە
و
بە ئیرۆتیکی وشەکانت
ئۆرگازمی ئارامی
ئاوێتەی پڕخەفی موشتاقیم کە

# گۆشەی ئەدەب و هونەر

# چاو ڤیگەری سەرەکی زمانی شاعیرو وێنای نیگارکێش ن/جمال نوری



چاو بە درێژایی مێژووی پۆرتریەت، گرنگترین بەشی داگیرکردووە. چاو دکیومنتەیشنی کەسایەتی و مۆرکی ڕاستەوخۆی جیهانبینی نیگارکێش شیعرێکە چاو نوسیویەتی، داستانێکە نیگارکێش، بە ڕەنگ و تۆنی ڕوناکی و هێڵەکان و خاڵەکان و فیگورەکانی دەینەخشێنێت."

چاوم دیوە پڕ پڕ ئاگر بوە، لێوان لێو لە جامی میهر بووە، پڕ نزاو پارانەوە بووە. چاوم دیوە گەشتنامەی ژیان بووە.. چاوم دیوە ڕۆحێکی ناسك و سەدان مۆمی تیا داگیرساوە. هەر یەکچاو بووە، تەنها یەکچاو، بەلّام سەربردەیی شکانی تیشکی ئومێد و چارەنوسی بەدبەختی وکلۆڵی ئاوارەیی و دەربەدەرییێشی بەرجەستەکردۆتەوە. نیگار زمانێکی جیهانی کاریگەرتر لە مۆسیقا بووە، کێشە گەورەکانی ئینسانیەت، نەمری، بەختەوەری، ئازادی و یەکسانی، لە چاوی پۆرتریتەکاندا دەخوێنینەوە.

ئەو دەمانەی ئینسانەکان زۆر نزیکتر لە سروشتێکی پەتی و لەگیانەوەران ژیاون، وێنەی ئەوانیان بە دیقەتەوە کێشاوە، ئەو دەمانەی ئینسانەکان خۆیان وەك تێکەلەیەك لەبوونی خودایی و ئینسانی و تامەزرویی نەمری بوون، نیگاری هاوبەشی خۆیان کێشاوە، ئەو دەمانەی پاشاکان وجەنگەکان، یان کارەساتەکان پانتاییەکی گەورەیان هەیە.، هاوکات بیر لەوە کراوەتەوە سەرکەوتنەکان، بە وێنە تۆماربکەن لەسەر شاخ و ئەشکەوتەکان، بەمەش یەکەم شارستانێتی مرۆڤایەتی پێکهاتووە.

لەبیرم دێ،

لەناو تابلۆی شێوەکاری
چالاکی قوتابخانەکان
نیگای دووچاوی سیحری
سەرنجیان ڕاکێشام،
دووچاوێك
وەك دەیان مۆمی داگیرساو
لەپی دەستدا،
وەك گڕگرتنی درەختی
دارستانە..
تیشکی چاوانی
یەك چاویان، سەربوردەیی
شکاندنی تیشکی ئومێدو
چاوەکەی تری
چارەنوسی بەدبەختی
خانمی سوورپۆشی،
چوارڕییانی تاران
دووچاو..
تێکەڵەیەك لەبوونی خودایی وئینسانی
تامەزرۆی نەمری
چاوێکیان.. جەللاد
ئەوی تر .. قوربانی
دەستی نیگاری هاوبەشی
مۆدیلی مەئشوق و ڕامانی نیگارکێش...



## حەسەن عارف: هیچ جموجوڵێك، لە ناو حیزب و گروپ و میلیشیاكانی شیعە و سونە و یەكێتی و پارتی و سەرجەم هێز و حیزبە بچوك و لاكەوتەكانیش، بە بێ دەست لەپشتی لایەنێكی دەرەكی، هیچیان ناتوانن پەنجە بە ئاودا بكەن...

## دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ بەڕێز حەسەن عارف چالاکوان و هەڵسوڕاوی کۆمۆنیست سەبارەت بە پێکهێنانی حکومەتی نوێ لە عێراق.

سەرەتا زۆر سوپاسی بۆپێشەوە دەکەم بۆ ڕەخساندنی ئەم دەرفەتە و گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆسەی سیاسی و پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق. کە لە هەردوولاوە چارەنووس و ژیانی (دەستەو تاقمی گەندەڵ و مشتێک دوژمنی خەڵکی عێراق لە سونە و شیعە و حیزبە کوردییەکان) بەگشتی بۆرژوازی عێراق و کوردستان لە لایەک، و لەلایەکی تریشەوە جەماوەری بەرینی کرێکاران و خەڵکی ماندوو زەحمەتکێشی عێراق، لانی کەم بۆ ماوەی چەندین ساڵ دیاری دەکات.

ڕاستەوخۆ بچمە سەر وەڵامدانەوەی پرسیارەکان؛

**بۆپێشەوە: جموجۆڵەکان بۆ پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق، بەردەوامە... تا چەندە لاتان وایە ئەم حکومەتە دەتوانێت سەربەخۆ بێت و دوور لەدەستێوەردانی دەرەکی پێکبێت؟**

**حەسەن عارف:** هەر لەسەرەتای پرۆسەی دواهەمین ئامادەییەکان بۆ هەڵبژاردنی نوێنەران لە پەرلەمان و حکومەتی نوێی عێراقدا دیار بوو کە چ گاڵتەجاڕییەک بەڕێوەیە!؟ لەخۆپیشاندان و نارەزایەتیەکانی ئۆکتۆبەری ٢٠١٩ دا خەڵکی عێراق وەڵامی پێشوەختەی ئەم پرۆسەیەی دابووەوە. وە حکومەتی عادل عەبدولمەهدی، کە تا بینەقاقای لە ئەزمەیەکی قوڵدا نووقم بوو بوو، تێکوپێکدا و ڕوخاند. پاشان ئەو بەشداریە کەمەی خەڵکی لە هەڵبژاردنەکاندا، دیسان مستەکۆڵەیەکی تری جەماوەری نارازی عیراق بوو لە ناوچەوانی دەسەڵاتداران و سەرجەم پرۆسەی سیاسی حیزبە سەرمایەدارە دواکەوتوو و چاوچنۆکەکانی عێراق و هەرێمی کوردسان سرەواند.



کاتێک دەریاوانەکان و ڕاوچییانی ماسی، خۆیان ئامادەدەکەن بۆ ئەوەی بچنە ناو دەریاوە بۆ راوە ماسی، ئەو تۆڕەی بەکاری دەهێنن بۆ ڕاو، کاتێکی هێجاگار زۆریان دەوێت تا تۆڕەکە لە ئالۆزکاوی و گرێ و تێکەڵوپێکەڵییەکەی ڕزگار دەکەن و ئامادەی دەکەن بۆ ڕاو. هەلومەرجی ئێستای عێراق، و لەدوای داگیرکردنی کوێت لەلایەن ڕژێمی گۆڕبەگۆڕی بەعس و سەدام، تەواوی جومگەکانی عێراق وەک تۆڕی ڕاوی ماسی ئاڵۆسکاوە بەیەکدا، بەڵام ڕێککردنەوەی بۆ دابینکردنی ئاسایش و هێمنی بۆ دەسەڵاتداریتی، هێندە قورسە لەوانەیە بۆ چەندین ساڵی تریش نەتوانرێت ئەو هەلومەرجە ئارامە فەراهەم بێت.

ڕێک ئەم هەلومەرجی لێکهەڵوەشان و خاپورکردنی وڵاتێکی دەوڵەمەندی وەک عێراق، بۆتە دەرفەت و هەلێکی زێڕین بۆ هاتنەپێشەوەی کۆنەپەرستترین و دواکەوتووترین هێز و تاقمی ناسیۆنالیست قەومی عەرەبی و کوردی و ئیسلامییەکان بە سونی و شیعەوە، کە وەک مشەخۆرێکی ترسناک، لەم سەرگەردانی و ئاڵۆزکاوییەی هەلومەرجی عێراق و کوردستان کەڵک وەربگرن. کە ڕاستەوخۆ پاش هاتنە پێشەوەی ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی، و پاشان لە ساڵی ٢٠٠٣ داگیکرنی عێراق و لابردنی سەدام و حکومەتی بەعس لە دەسەڵات، پاشان ئاوالابوونی وڵات و سنوورەکانی بۆ وڵاتانی ناوچەکە، بەتایبەتی ئێران، تورکیا، سعودییە، قەتەر و هەندێ وڵاتی تر، عێراق بۆتە مەیدان و یەکلاکردنەوەی دەیان کێشەی کۆن و تازەی ناوچەیی و جیهانی.

بەپێی ئەو هەلومەرجەی کە باسمکرد، هیچ جموجولێک، لە ناو حیزب و گروپ و میلیشیاکانی شیعە و سونە و یەکێتی و پارتی و سەرجەم هێز و حیزبە بچوک و لاکەوتەکانیش، بە بێ دەست لەپشتی لایەنێکی دەرەکی، هیچیان ناتوانن پەنجە بە ئاودا بکەن.

تەنانەت هێنانە پێشەوەی موستەفا کازمیش، وەک سیناریۆیەک وایە، کە لەڕێگای ئەمەوە تورەیی و نارەزایەتی پەنگخواردووی جەماوەری عێراقیان پێ هێورکردەوە. بەڵام دەسەڵات و جومگە گرنگەکانی تەواوی عێراق، لە ژێر دەستی باند و حیزبە دەسەڵاتدار و سەرانی ئەو حیزبانەدایە.

**بۆپێشەوە: شەڕ لە ئۆکرانیا، بەشێوەی جیاواز کاریگەری لەسەر هەموو دنیا هەیە، کاریگەری ئەم شەرە تا چەندە لەسەر پرسی پێکهێنانی حکومەتی عێراق هەیە؟**

**حەسەن عارف:** گەر بەشوێن وەڵامی ئەم پرسیارەدا بگەڕێین، دەتوانین لە شکستی ئەمەریکاوە گۆشە جیاوازەکانی ئەم هەلومەرجەی جیهان هەڵسەنگێنین، شەڕ لە ئۆکرانیا، بەجیا لە کێشەیەک لەنێوان ئەو وڵاتە و ڕووسیا، کە مەودایەکی فراوانتری مێژوویی و ئابووری و ئەمنی ڕووسیا و وڵاتانی خۆرهەڵاتی ئەورووپاوە هەیە، کە لە دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە، هەمیشە کێشەی نێوان جەمسەری ململانێکان بووە. پرسیارەکە دەشتوانێت تەنانەت شکستی ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی لە ئەفغانستانیش بخاتە پاڵ ئەو کاریگەرییانەی کە بە بۆچوونی من ڕاستەوخۆ لە ناوخۆی عێراق و تەنانەت کاریگەری بۆ سەرجەم ئەو وڵات و لایەنانەی کە لە مەیدانی عێراقدا دەرگیر و دەستەویەخەن، سایە دادەنێت. هەر ئێستا ناتوانایی پێکهێنانی حکومەت لەلایەن ئەو هێزانەی خۆیان بە براوەی گاڵتەجاڕی هەڵبژارنەکانی ئەم دواییەی عێراق دەزانن، تەنانەت نوزەی هیوا و دەروازەیەکیش نییە، بۆ تەبا بوونی هەموو لایەنەکان، کە هەر حیزبەی، یان تاقمەی سەر بە لایەنێکی کێشەکانی ناوچەکەن، شیعەکان کەمپی ئێران و سونەکانیش کەمپی سعودییە و یەکێتی گوێ لەمستی ئێران و پارتی داردەستی تورکیا، تەنانەت هیچ هێزێک کە بە تاکە نەفەرێک، یان تەنانەت بەشداریش نەبێت لە حکومەتەکەیاندا، سەرجەمیان کلکیان گرێداوە بە وڵاتێکی ناوچەکە و جیهانەوە. هەلومەرجێک لە جیهاندا هاتۆتە ئاراوە، شکستی تاک جەمسەری ئەمەریکا و لاوازبوونی هێز و سیاسەتەکانی ئەورووپا و ناتۆ، ودەرکەوتنی ڕووی ڕاستەقینەی بەشداری ئەمانە لە کێشەکانی جیهاندا، و هاتنە پێشەوەی هێزی بەرامبەری نوێ، مەبەست ڕووسیا و چین، بێگومان هەلومەرجی جیهان و کێشەکانی دەگۆڕێت بە ئاراستەی تردا، بێگومان ئەمڕۆ هەرکێشەیەک لە جیهاندا ڕوودەدات، بێگومان سایە و کارکردی هەمەلایەنە دادەنێت لەسەر دوورترین وڵات و سوچ و کەلەبەرەکانی جیهان. گەر شەڕ لە ئۆکرانیایە، پرۆسەی پێکهێنانی حکومەت لە عێراق ئاڵۆزتر دەکات، تەنانەت بۆ سەرانی دەسەڵاتدارانی ئێستای عێراق تووشی سەرگێژە و سەرگەردانییەک بوون، کە توانای پێکهێنانی حکومەتیشییان نییە، بەتایبەتی جەمسەرێکی ئەم شەڕە ڕووسیایە کە ئێستا لە سوریا و ناوچەکەدا ئەویش پشکی هەیە لە کێشەکاندا.

**بۆپێشەوە: کاریگەری دواکەوتنی پێکهێنانی حکومەت لە عێراقدا، چ کاریگەرییەکی لەسەر ژیان و گوزەرانی خەڵکی عێراق و کوردستان هەیە؟**

**حەسەن عارف:** گرنگترین لایەنەکانی ئەم باس و گفتوگۆیە، ئەم پرسیارەیە، کە پێکهێنانی حکومەتی عێراق و دواکەوتنی، چۆن و چ کاریگەرییەکی لەسەر ژیان و هەلومەرجی کار و ژیانی خەڵکی عێراق و کوردستان دادەنێت، خەڵکی کوردستان لە ساڵی ١٩٩١وە خەڵکی عێراق بەگشتی لە ساڵی ٢٠٠٣ وە باجی هەلومەرجێک دەدەن، کە تێکچوونی شیرازەو کار و ژیانی ئاسایی ئەو ملیۆنان مرۆڤانەن کە لە عێراقدا ژیان بەڕێدەکەن، و ئەم هەلومەرجەش بۆتە ئەو شانس و یانسیبەی کە کۆنەپەرسترین بیروباوەڕ، دواکەوتووترین ڕابەر و حیزبەکانیان، کە بێئومێد ڕۆژەکانی خۆیانیان لە پشتی سنوورەکان و وەک باوە دەڵێن" لە قوم و تاران، وە هەندێکیشیان لە وڵاتە جۆراوجۆرەکانی ئەورووپا و ئەمەریکا، بۆ دەیان ساڵ دەبوو، دەستیان بە کڵاوەکەی خۆیانەوە گرتبوو"، بە کۆمەکی ئەمەریکا و سیاسەتە دژی خەڵکییەکەی (نیولیبرالیزم) و بە فڕوفیشاڵی دیموکراسی و ڕووخاندنی دکتاتۆرەکان، چارەنووسی ملیۆنان خەڵکی عێراقیان، دوای خاپوورکردنی دایە دەست ئەم جرۆجانەوەرانەی ناسیۆنالیست قەومی و ئیسلامی عەرەب و کورد.

نەک پێک نەهاتنی ئەم حکومەتەی کە تاریکایی مانگە شەوەکەی سەرلە ئێوارە دیارە، کە ناتوانێت وەڵامدەرەوە بێت بە بچوکترین خواست و داواکاری خەڵکی عێراق، نەک هیواو تروسکایەک نابینرێت لە ئەجیندا و بەرنامەی سەرجەم لایەنەکاندا، هەر ئێستا خەڵکی عێراق دەزانێت، هێندەی گرنگی لاچوونی حکومەتی بەعس، لاچوونی ئەمانەش گرنگە.

لەبارێکی ترەوە، بەدرێژایی زیاتر لە بیست ساڵی ڕابردوو، حکومەتی عێراقی و پەرلەمان و مەجلسی نوێنەرانیان، و سەرۆک کۆمار و سەرۆک وەزیران، سەرباری کارتۆنی بوونیان..! مشتێک سەرمایەداری بە تامی کارتێڵی و گرووپ و گانگستەری تاوانکاری و تالانکاری و درووستکردنی باند و میلیشیا وڵاتیان بەڕێوە بردووە، کە جەهەنمێکیان بۆ خەڵکی عێراق پێکهێناوە، و لەولاوە سەروەت و سامان و پارەی نەوت و سەرجەم داهاتی عێراق دەکرێت بە قورگی مشتێک سەرمایەداری قەومی و ئیسلامی و بازرگانی نایاسایی کە بە ملیۆنان خەڵکی عێراقیان لە ژێر هێڵی هەژارییەوە ڕاگرتووە. بەمانایەک هیچ کات بە مانای ستانداردی جیهانی وڵاتێکی ئاسایی، حکومەت و دامودەزگای حکومی نەبووە لە عێراقدا.

**بۆپێشەوە: دواکەوتنی پێکهێنانی حکومەت لە عیراقدا، چ لێکەوتەیەکی لەسەر دەسەڵاتی حزبەکانی کوردستان هەیە؟ ئایا ئەمە**



## بەندی عەلی: پێداگری موقتەدا سەدر لەسەر تەشکیلی حکومەتی زۆرینە لەخۆڕا نییە، و من پێموایە نیشانەی نزیك بوونەوەی ئەو تەییارەیە لە ئەمریکاو سیاسەتی ئەمریکی

**دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ بەڕێز بەندی عەلی نووسەرو یاریدەدەری توێژەر لەزانکۆی سلێمانی سەبارەت بەپێکهێنانی حکومەتی نوێ لە عیراق.**

**بۆپێشەوە: وا زیاتر لە ٦ مانگە هەڵبژاردنی پیش وەختەی عێراق کراوە، کەچی تا ئێستا نەک حکومەت پێک نەهاتووە، نیشانەیەکیش نابینرێت کە بەم زوانە حکومەت پێک بێت.... هۆکاری ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

**بەندی عەلی:** سەبارەت بە پێکنەهێنانی حکومەتی نوێی عیراقی، ئاشکرایە لەئەمڕۆی عێراقدا ململانێی پێکهاتە سیاسیەکان لەچەند بازنەیەکی جیاجیادا دەخولێتەوە لەنێوان (سونە و سونە) و (شیعەو شیعە) و (کوردو کورد) لەلایەک، و نێوان ئەم سێ پێکهاتەیەش لەلایەکی ترەوە. بێگومان ڕێکەوتن ئاسان نییە، و کاریگەریی دەوڵەتەکانی ئیقلیمیش هێندەی تر ئەم کارەی گرانتر کردووە. لەکاتێکدا پاشکۆیی ئابووری و سیاسی ئەم دەوڵەتانە بۆ دووبەرەی جیهانیی سەرمایەداری دژ بەیەک، ئەوەندەی تر گەیشتن بەڕێکەوتن گران دەکات.

**بۆپێشەوە: لە پرسی پێکهینانی حکومەت و هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماردا، چۆن "ناو ماڵی شیعی" وێران و ریزەکانیان لێکترازاون، ئاواش نێوان پارتی و یەکێتی، تادێت گرژییەکانیان زۆتر دەبێت، سەرچاوەی ئەم هەموو نارێکی بەریەکەوتنە چییە؟**

**بەندی عەلی:** دیارە ململانێ لەسەر پۆستە سیادییەکان ڕەنگدانەوەی ململانێی سەرەی خاڵی یەکەمە، وەک چۆن ئەحزابی کوردی هەریەک پاشکۆی دەوڵەتێکی ئیقلیمی و بیانین، بەهەمان شێوە شیعەکانیش وان و بڕیاری سیاسی هێندەی لەژێر دەستی ئەو دەوڵەتە ئیقلیمیانەدایە، هێندە بەدەست پێکهاتە سیاسیەکان خۆیان نییە. پاشان ئاشکراشە کەسەرچاوەی ئەم کێشمەکێشانە دەسەڵات و بەرژەوەندیی جیاوازی لایەنەکانە.

**بۆپێشەوە: لەهەڵبژاردنەکاندا لایەنە شیعەکانی سەر بە ئێران پاشەکشەیان کرد، و باس لەوە دەکرێت ئەو لایەنانە دەبنە ئۆپۆزیسیۆن، ئایا ئەمە چ کاریگەریەکی لەسەر حکومەتی داهاتوو، و شەقامی عێراقی دەبێت؟**

**وەك چۆن ئەحزابی کوردی هەریەك پاشکۆی دەوڵەتێکی ئیقلیمی و بیانین، بەهەمان شێوە شیعەکانیش وان و بڕیاری سیاسی هێندەی لەژێر دەستی ئەو دەوڵەتە ئیقلیمیانەدایە، هێندە بەدەست پێکهاتە سیاسیەکان خۆیان نییە...**

**بەندی عەلی:** لایەنە شیعیەکانی سەر بەئێران کەماوەیەکی زۆر خاوەن دەسەڵات بوون لەعێراقدا، و خەڵک و وڵاتیان توشی جۆرەها قەیرانی ئابووری و ئەمنی و ئیداری و سیاسی کرد، ئیدی جێی متمانەی دەنگدەران نەمان.. پێدەچی دەنگدەری عیراقی بەنیاز بێ ئەزموونی متمانەدان بە باڵەکەی تری شیعە بکات بەناچاری.

**بۆپێشەوە: موقتەدا سەدر پێداگری لەسەر پێکهێنانی حکومەتی زوربە دەکات و دەیەوێت کۆتایی بە حکومەتی تەوافوقی بهێنێت، چۆن دەڕواننە ئەو پێداگرییەی موقتەدا سەدر؟ لە ئێستادا هەمان پێداگری دەکات یان نا؟**

**بەندی عەلی:** پێداگری موقتەدا سەدر لەسەر تەشکیلی حکومەتی زۆرینە لەخۆڕا نییە، و من پێموایە نیشانەی نزیک بوونەوەی ئەو تەییارەیە لە ئەمریکاو سیاسەتی ئەمریکی. وەلێ سەرکەوتنی سەدر بەسەر ئەوانی سەر بەئێرانن بەکارێکی ئاسان نابینم، بەتایبەتی لەمیانەی کێشەی زۆری نێوان ئەمریکاو ئێراندا. بەو پێیەش زیاتر لەئەگەرێک لەئارا دا دەبینم؛ کەیەکێکیان ئەگەر شەڕی ناوخۆیە .

**بۆپێشەوە: جێگەو ڕێگەی حزبە دەسەڵات بەدەستەکانی کوردستان بەتایبەت (پارتی و یەکێتی) لە حکومەتی داهاتووی عێراقدا چۆن دەبینن؟**

**بەندی عەلی:** جێگەو ڕێگەی یەکێتی و پارتی لەحکومەتی نوێدا بەندە بەیەکلابوونەوەی کێشەی سەرەکیی باڵە جیاکانی شیعەوە... بەپێی ئەوەی هەریەک لەم دوو حیزبە کوردیە، چارەنووسی سیاسی خۆی گیرکردووە بە باڵێکی شیعەوە. کە لەئەگەری دروستبوونی هاوسەنگی و ڕێکەوتنی شیعە، ئەمانیش ناچار دەکات بەڕاگرتنی هاوسەنگی نێوان خۆیان.

**بۆپێشەوە: خەڵکی عێراق و کوردستان لە هەلومەرجێکی سەخت و ناخۆشدان، خواستی نان و کار و خزمەتگوزارییەکان، خواستی زوربەی هەرەزۆری خەڵکی عێراقە... تا چەندە لاتان وایە حکومەتی داهاتوو دەتوانێت وەڵام بەو خواستە سەرەتاییانەی هاولاتیان بداتەوە؟**

**بەندی عەلی:** سەبارەت بەپرسی تا چەند وەڵامدانەوەی حکومەتی نوێ بە داواکارییەکان خەڵک، ئەمەش پەیوەستە بە ئاستی چونە پێشەوەی نارەزایەتییەکانی خەڵک، و پێم وانییە حکومەتی تازە خۆبەخۆ گوێ بەقەیرانەکانی خەڵکی بدات.

**بۆپێشەوە: عێراق سیستەمی پەرلەمانییە، لە سیستەمی پەرلەمانیشدا سەرۆک کۆمار پۆستێکی تەشریفاتی و رەمزییە و دەسەڵاتی سنورداره... هۆکاری ململانێی نێوان پارتی و یەکێتی لەسەر پۆستی سەرۆک کۆمار، چییە؟ پێتوانیە ململانێکانی نێوانیانە لە کوردستان دەیگوازنەوە عێراق؟**

**بەندی عەلی:** سەبارەت بەپرسی سەرۆک کۆماریش کە پۆستێکی تەشریفاتییە، زیاتر وەک کێشەی یەکێتی و پارتی دەبینری ئەمڕۆ وەلێ بەڕای من ئەم کێشەیە تەنها وەک جل هەڵگرێکەو یەکێتی و پارتی کێشەکانی تری خۆیانی پێدا هەڵدەواسن، لەڕووی کێشەی بەرژەوەندی ئابووری و قۆرخی دەسەڵات.

**کارنامەی سەرۆک کۆمار لە دوای لە ١٨ ساڵی رابردوودا، چ دەستکەوتێکی بۆ خەڵکی کوردستان بووە؟**

**بەندی عەلی:** سەبارەت بە دەستکەوتەکانی سەرۆک کۆماری کوردی بۆ خەڵکی کوردستانیش. دارمانی حاڵی ژیان و ڕوشاندنی کەرامەتی خەڵکی بۆ موچەو سنووردارکردنی ئازادییەکان و هەڕەشەی بەردەوامی حەشدی شەعبی لەسەر کوردستان، شایەتی ئەوە دەدەن کە کورد ئەوپۆستە هیچی بۆ نەکردووەو بڕواناکەم لەئایندەشدا هیچی بۆ بکات.

---

**بەزیانی**

**دەسەڵاتی ناسیونالیزمی کوردە یان نا؟**

**حەسەن عارف:** وەک لە وەڵامی پرسیارەکانی ڕابردوودا، هەلومەرجی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی عێراقمان باسکرد، ناسیۆنالیزمی قەومی کوردی وا سێ دەیەیە لە ئاخوڕی ئەو هەلومەرجە دەخۆن، قسەیەکی کوردی هەیە دەڵێت "دز ماڵی شێواوی دەوێت" ئەمە تەواو ئەو چوارچێوەیەیە کە یەکێتی و پارتی و حیزبەکانی تری ناو بازنەی دەسەڵاتدارتی لە کوردستانی عێراقدا سوئ ئیستفادەیەکی زۆریان لەو هەلومەرجەکردووە. پێکنەهێنانی حکومەت، سوچێکی بەر یەکێتی و پارتی دەکەوێت، وە ئەمانیش تارادەیەک نانی تەڕی ئەو هەلومەرجەیە دەیخۆن. دەنا خۆ ئەمانیش هێندە دەنگیان نەهێناوە، تا بتوانن تەنانەت لەڕووی یاساییەوە، ئاراستەکانی دەسەڵات بنەخشێنن. ئەمانیش بەپێی مافەکانی ژمارەی ئەو دەنگانەی هێناویانە، ناتوانن هیچ دەورونەخشێکیان هەبێت، بەڵام هێشتا ئەمە لەو چوارچێوەیەدا نییە، کە لەڕووی یاساییەوە چۆن دەتوانن بەشداری لە پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراقدا بکەن. خۆی هەر لەسەرەتاوە دەسەڵاتداریێتی گرێبەستێکی تەوافقی نێوان حیزب و هێزەکانیان و میلیشیاکانیانە. بە بڕوای من هێزە بنەڕەتییەکانی عێراق و کوردستان، پێویستیان بە حکومەت و پەرلەمان و یاسا، تەنانەت ئاسایی کردنەوەی عێراق و کوردستانیش نییە، چونکە ئێستا عێراق بۆتە ئەو کێکەی هەرلایەنەی پارچەی خۆی لێپچڕیوە، لەوانەیە ئاسایی کردنەوە و پێکهێنانی حکومەتێکی ئاسایی بەژەوەندی هەندێکیان بخاتە مەترسییەوە.

**بۆپێشەوە: پرسی نەوت و غاز، چ کاریگەرییەکی لەسەر پەیوەندی نێوان هەرێم و بەغدا دەبێت؟**

**حەسەن عارف:** هەرچەندە وا دێتە بەرچاو دوای بڕیاری دادگای فیدراڵی عێراق لەسەر نەوت و داهاتی و فرۆشتنی، حکومەتی مەرکەزی عێراق داوای دەستبەسەراگرتنی دەرهێنان و فرۆشتنی لەلایەن حکومەتی ناوەندی عێراقەوە جێبەجێ بکرێت. بەڵام ئەم بڕیارەشیان، وەک ئەو سەدان و هەزاران بڕیارانەیە پێش ئەوەی مەرەکەبی سەر کاغەزەکەی وشک ببێتەوە وەلا دەنرێت، و لایەنەکانی دەرگیر لەم کێشانەدا، تەنانەت بە قەولی فارسی شۆخییان بەیەکتری دێت، چەندێک بڕیارەکانی سەرۆککۆمار بڕ دەکات، هێندەش ئەم بڕیاری دادگای فیدراڵی و وەزارەتەکانیان بڕدەکات..! دیارە لەڕووی سیاسییەوە کێشەی لایەنەکانی عێراق، کە دادەبەزێتە زەوی و ماهییەتی دەردەکەوێت، کێشە و ململانێیە لەسەر قۆرغ کردن و دەستبەسەراگرتی ئەو سەرچاوە گرنگانەیە کە پارەیەکی هێجگار زۆری خەیاڵی تێیاندا بەدەست دێت، و جومگەی بنەڕەتی ئابووری وڵاتن، کە ئەمەش لە عێراقدا، نەوت و غازە. بەتایبەتی دوای شەڕی ئۆکرانیا، ئێستا لەوانەیە بۆ تورکیا و هەندێک وڵاتانی ئەوروپاش، غاز ببێتە یەکێک لە کێشە قورسەکانیان. سەرجەم ئەو هێزانەی یاریکەری سەر گۆڕەپانی عێراقن، سەرباری دواکەوتوویی و میلیشیایی و کۆنەپەرستییان، لە ململانێ و بەربەرکانی یەکتریشدان لە هەموو بوارەکاندا، بەتایبەتی لە بواری قۆرغ کردنی جومگەکانی ئابووری، لەولاشەوە کارتۆنیش بێت، بەناوی دەوڵەت و یاسا و مەرکەزییەت لایەنەکان هەوڵ دەدەن بەرەی ژێر پێی یەکتری ڕاکێشن. لەم ململانێیانەدا تەنها خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشی عێراق و کوردستان زەرەرمەندی یەکەم دەبن. گرانبوون و نەبوونی نەوت و غاز، دواکەوتن و نەدانی موچە، لەولاشەوە چاوسوورکردنەوەی لایەنەکان لەیەکتری، هەلومەرجێکی بۆ کوردستان و عێراق دروستکردووە، کە تەنانەت منداڵێکیش دەزانێت، ئەم کێشانە بەم لایەنە تاسەر ئێسقان دژی خەڵکیانە چارەسەر ناکرێن.

## درێژەی... عێراق و هەرێمی کوردستان لەنێوان بەرداشی تورکیا و ئێران دا

گەڕانەوەی خاکە دزراوەکەی هەیە و مەبەستی ولایەتی موسلە کە کوردستان دەگرێتەوە، بەمەش سەرلەنوێ کوردستان دابەش دەکرێتەوە ئەم هێرشانەی تورکیا لەپڕۆسەی سەرلەنوێ دابەشکردنەوەی کوردستانە کە زۆر لە دابەش کردنەکەی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی مەترسیدارترە، لەبەرئەوەی ئەمجارەیان جگە لەوەی خاکی کوردستان لە خاچ دەدەنەوە ناوچەکەش لەسەربنەمای دیموگرافیش دادەڕژێنەوە. گەشتە بەردەوامەکانی بەرپرسە باڵاکانی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ هەولێر و بەغدا بەڵگەی ئەوەیە ئێران ئەو هێزانە و لایەنگرانی شیعەی سەر بەو وڵاتە لە عێراقدا ئاڕاستە دەکات. بەتایبەت دوای هەڵبژاردنەکانی مانگی 10ی ساڵی ڕابردوو، دوای شکستی ئەو هێز و لایەنە سیاسیانەی سەر بە ئێرانن لە هەڵبژاردنەکاندا. تا ئێستاش فشارەکانی ئەو وڵاتە بەردەوامە و زیاتری کردووە، ئەمەش وای کردووە هاوپەیمانی براوەی هەڵبژاردنەکە لەو وڵاتەدا نەتوانێ تا ئەم کاتەش حکومەت پێکبهێنێت.

مووشەک بارانی هەولێر کە ئێران بەڕاشکاوانە لەئەستۆی گرت و هێرش بۆسەر بنکە سەربازیەکان و باڵوێزخانەی ئەمریکا لە عێراق بەهەوڵی ئێران و لایەنگرانی لەقەڵەم دەدرێت.

هەروەها موشەک بارانی ناحیەی کەور گوسکی قەزای خەبات کە لەسنووری ناحیەی بەرتەلەی سەربە قەزای حەمدانیە لە پارێزگای نەینەوا ئاڕاستە کرابوون و یەکێک لە کایتوشاکان بەر کۆگاکانی پاڵاوگەی کار کەوتبوو لەلایەن لیوایەکی حەشدی شەعبی سەر بە ئێرانەوە ئاڕاستەی سنووری پارێزگای هەولێر کراون، ئەمەش لەکاتێکدایە کە سوپای تورکیا بەهاوکاری پارتی پەلاماری هێزەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان دەدەن.

پێدەچێت هێرشە موشەکیەکە بۆسەر بنکەی سەربازی تورکیا لە زلیکان هەڵکشانی ئاستی گرژیەکان بێت لەلایەن ئێرانەوە دژ بە تورکیا لە عێراقدا.

بەڕای چاودێرانیش ئەو هەوڵانە ئێران لەپێناو وەرگرتنی پشکی زیاترە لەبواری سیاسی و ئابووری لە عێراقدا هەست دەکرێت ململانێکانی نێوان تورکیا و ئێران لەم کاتانەدا لە پەرەسەندندا بێت لەپێناو چەسپاندنی هەژموون و دەسەڵات لەناوچەکەدا.

هێرشە موشەکیەکە بۆسەر بنکە سەربازییەکەی تورکیا پەیامی ئێران بۆ ئەنکەرە بۆئەوەی ئۆپەراسیۆنە سەربازیەکانی بەرەو شەنگال و ناوچەکانی تر فراوان نەکات، پێدەچێت عێراق کەوتبێتە ژێر کاریگەری فشارەکانی تورکیا لەداگیرکردنی ڕاستەوخۆی شەنگال وەک بەکارهێنانی کارتی ئاو و پەڕینەوە بۆناو قوڵایی هەرێمی کوردستان و داگیرکردنی موسڵ شەنگال بووە. شەنگال بابەتێکی هەرێمی کاریگەرە لەڕووی دیموگرافییەوە و گرنگیەکی تایبەتی هەیە، بۆیە تورکیا و ئێران بەهەر هۆیەکی جیاوازەوە هەبێت دەیانەوێ شەنگال داگیر بکەن. ئێران لەڕێگەی شەنگالەوە دەتوانێ دەسەڵاتی خۆی لەناوچەکەدا بسەپێنێت.

ئێران و تورکیا لەسەر پرسە جیاوازەکان ناکۆکی قوڵیان هەیە بەتایبەت لە عێراق و سوریا، بەڵام لەهەر حاڵەتێکدا ڕوونە عێراق و هەرێمی کوردستان بەشێکی سەرەکی گۆڕەپانی ململانێ یانە.

ئاماژەکانی پشت ئۆپەراسیۆنەکانی تورکیا بۆ تێکدانی بەرنامەکانی ئێرانە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەت عێراق و ئێران وەک ئیمپراتۆریەتێکی مەزهەبی گەورە و کاریگەر خۆی بە هاوشانی تورکیا نازانێت. لەهەمان کاتدا تورکیا دەوڵەتی ستراتیژی جەنگی مێژوویيە و سێ یەم هێزی ناتۆیە و لەڕووی تەکنەلۆژیای سەربازییەوە. ئێران دەیەوێت بزانێت تورکیا بە فورمی شاراوەی ئیخوانی سوننە چی دەکات؟

سەردانەکەی سەرۆکی ئیسرائیل بۆ تورکیا چەندین کاردانەوەی جیاوازی لێکەوتەوە لەناویشیاندا میدیاکانی ئێران بە ئاشکرا هێرشیان کردە سەر دەوڵەتی تورکیا و ئوردوغان، هەواڵی سەحەری ئێرانی کە بەچەند زمانێک هەواڵ و بەرنامە بڵاودەکاتەوە، نووسیویەتی ئوردوغان خەنجەری لەپشت فەلەستینیەکان داوە.

هەرکات ئەگەری ڕێکەوتنی ئێران و وڵاتانی ڕۆژئاوا لە دۆسیەی ناوەکیدا زیاتر بوو، بە هەمان کات ڕێژەی نیگەرانییەکانی سعودیە و تورکیا و ئیمارات و بەتایبەتی ئیسرائیل لەبەهێز بوونی پێگەی ئێران زیاتر دەبێت.

تورکیا و ئێران وەک دوو نەیاری دراوسێ عێراق و هەرێم کە مێژوویەکی دوور و درێژیان لە ململانێدا هەیە زۆرجار پەنا بۆ ئۆپەراسیۆنی سەربازی لەوڵاتانی دراوسێیان دەبەن، ئەوەش وەک ڕوو بەڕوو بوونەوەی نەیارانیان دەکەنە بیانوو پاساو بۆ هێرش کردنە سەر خاکی وڵاتان، ئەو بابەتەش ڕەنگدانەوەی لە پەیوەندییەکانی تاران و ئەنکەرەدا هەبووە.

# بناغەی سۆشیالیزم ئینسانە، سۆشیالیزم بزوتنەوەی گەڕاندنەوەی ئیرادەیە بۆ ئینسان...

## درێژەی دوا وتە

ریزگرتن لە مافی مرۆڤەوە هاتن، مرۆڤیان کردە بۆ ئیرادەترین کائین و لەسەر موچە وەرگرتندا دەمرن، دوای ۳۰، ٤٠ ساڵ خزمەت، موچەی ۱٥۰ هەزاریان بەدواکەوتنەوە پێدەدەن.

بە ناوی ڕیزگرتن و سەروەری یاساوە هاتن، کەچی هێشتا زوربەی یاساکان، یاسای سەردەمی بەعسی لە گۆڕنراون کاریان پێدەکرێت و سەرۆک پێش دادگا سزای چالاکوان و هەڵسوڕاوانی سیاسی دەدات و بەرۆژی ڕوناک مامۆستا بەرشەقی بنەماڵە دەدرێت. نەیاری سیاسی دەسەڵات، ڕۆژنامەنووس و چالاکوان دەرفینرێت، خۆپیشاندەر لەسەر داوای نان و ئاو و کارەبا، خەڵتانی خوێن دەکرێت. بەناوی ڕێزگرتن لە نەوەی نوێ و لاوانەوە هاتن، کەچی بەکۆمەڵ لاوان بەهۆی زبری تیمساحئاسای دەسەڵات، دەبنە قوربانی شەپۆلی دەریاکان و دەبنە خۆراکی تیمساحی دەریاکان و قوربانی ڕێگای هات و نەهات و سەری خۆیان هەڵدەگرن. بەناوی قەرەبووکردنەوەی قوربانیانی دەستی بەعس هاتن، کەچی قوربانیانی دەستی بەعس لە کیمیابارنەوە بۆ ئەنفال و ڕاگواستین و سوتماکردنی شار و دێهاتەکان، تا دەگاتە خنکاوانی پەرتی سێدارەی بەعس، لەدەست زوڵم و بێمافی دەسەڵاتیان، بەداخەوە بەشێکیان ئاوات بە بکوژی پێشوویان دەخوازن!!. بە باسی دابینکردنی ژیانی باشتر و پەرەدان بە خزمەتگوازرییەکانەوە هاتن، کەچی نان و موچەیان خستۆتە قورگی لوشدەری تیمساحیان و بەبڕینی موچەو دواخستنی، بە کرێی کەم، بڕستیان لە زوربەی هەرەزۆری کۆمەڵگە بڕیووە. خزمەتگوازرییەکانیان بە تەواوەتی بەرەو نابودی بردووە و خەستەکانەکان چۆک و هۆڵ لە پێداویستی تەندروستین و دادەخرێن، ئاو و کارەبا تاهاتووە خراپتر بووە، ڕێگابانەکان ناوی لێنراوە ڕێگای مەرگ. خوێندن و پەروەردە بەرەو نزمترین ئاستی پەلکێش کراوە. بە حزبی نوێ و سەردەمیەوە خۆیان ناساند و بوونە حزبی بنەماڵەکان و ئامادەکردنی ریزێک لە براو ئامۆزا، بۆ پاوانی دەسەڵاتی داهاتووی دوای باوانیان. ئۆپۆزیسیۆن بە خواستی گۆڕانەوە هاتە مەیدان، کەچی سەرۆکی گۆڕان بە ملیاردێری مرد و کوڕەکانی بوونە ملیۆنێری هەڵتۆقیو...حزبە ئیسلامیەکان کارنامەی دژە ئینسانیان دیارەو لە کاتی هاتنی داعشدا، بە تەواوەتی ماهیەتیان ئاشکرابوو. کۆمپانیا بۆتە حزب و بەڵین بە نەوەی نوێ دەدات، کوردستان ئەلکترۆنیلیزە بکات...

کاتێک ئینسان دەڕوانێتە کارنامەی ۳۰ ساڵەی ئەم دەسەڵاتە و ئۆپۆزیسیۆنە پاشکۆ بودەڵەکەی، شانازی دەکات بە خەڵکی کوردستانەوە کەنەک دەستەمۆی ئەم هەموو زوڵم و زۆر و هێرشە نەبوون، بەڵکو بەخەبات و ڕاوەستاوی خەباتکارانەیان، بڕیاری ڕماڵینی دەسەڵاتیان داوە. خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان چۆن ملیان بەزۆرو زوڵمی بەعسیەکان نەدا، ئاواش نیشانیاندا کە بانگەشەکانی پوچی بزوتنەوەی شکستخواردوی کوردایەتی ناتوانێت لە خشتەیان ببات، بۆیە تادێت خواستی ڕماڵین و کۆتاییهێنان بەم دەسەلاتە و هاوبەشەکانیان، ڕۆژ بەڕۆژ بەکردەوە خۆی نیشان دەدات و سەرئەنجام دەبێت بەشوێنی خۆی بگات.

ململانێی ئەم دواییەی پارتی و یەکیتی، وەکو وێستگەیەکی تری دانەبراو لە ململانێی هەمیشەیی نێوانیان، لە بنەڕەتدا دەرهاویشتەی بن بەست لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە لەلایەک و بەرین بوونەوەی بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری و گوشاری دەسەڵاتی ناوەندە لەسەریان، و دەیانەوێت ئاکامی ئەم ململانێیەش لەسەری خەڵکی کوردستاندا بشکێنن، بەتایبەتیش شاری سلیمانی.

داخستنی خەستەخانەکان، نەمانی خزمەتگوازرییەکان، مردن لەسەرەی موچەدا، هەڵکشانی بەردەوامی تاوان، دواکەوتنی موچەکان... پرسی ئاسایی نین، تاوانکارییەکی ئاشکران، ئەگەر حکومەتێک هەیە ریسوایی ئەم حکومەتەیە و ئەگەر دەسەڵاتێک هەیە لە جێگای حکومەتی کارتۆنی، ریسوایی ئەو دەسەلاتە و تاوانی ئاشکرای بەرپرسە دەستڕۆشتوەکانیەتی.

ململانێی یەکێتی و پارتی نە ئێستا و نە لە ۳۰ ساڵی رابردوودا، بۆیەک جاریش لەسەر هیچ ماف و ئازادی و داخوازییەکی خەڵکی کوردستان نەبووە، بەڵکو لەسەر پێشێلکردنی داخوازییەکانیان و خۆدزینەوە لە ماف و ئازادییەکانیان بووە. نەپارتی بە شانخاڵی کردنەوە و نە یەکێتی بە تاوانبارکردنی پارتی ناتوانن شانی خۆیان لە تاوانی ۳۰ ساڵەی دەسەڵاتدارێتیان خاڵی بکەنەوە، ییستا ئیتر پارتی و یەکێتی لە حزبەوە بوونەتە مۆتۆری تاوان و دزی و تاڵانی و ژینگە دروستکەری تاوانکاری... بۆ کۆتاییهینان بەبێمافی و بێ موچەیی و نەبوونی خزمەتگوازرییەکان و لە پێناو کەمترین ئاڵوگۆر و بەرەپێش چوونی ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیاندا، پێویستە ئەو دوو دەسەڵاتە ڕابماڵرێن. بەکردەوە سەلماوە ئایندەیەکی باشتر لە گرەوی کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی پارتی و یەکیتی و ئۆپۆزیسیۆن و سەرجەم بزوتنەوەی کوردایەتی دایە. ئەگەر بڕیارە زۆنی زەرد لەسەرکوت و بێمافی رزگار بکرێت، دەبێ لەزۆنی زەردەوە بەهێزی ریکخراوی جەماوەرییەوە کۆتایی بەو دەسەڵاتە بێت و ئەگەر لەزۆنی سەوزیش، بریار بێت، بێمافی و بێموچەیی و کۆتایی بێت، دەبێ بە هێزی ڕێکخراو و جەماوەری خودی زۆنی سەوز ئەو دەسەڵاتە رابماڵرێت...

**ناوەراستی ئایاری ۲۰۲۲**

بۆپێشەوە
FORWARD
بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

Forward

بۆپێشەوە

سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحمود

ڕاوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد

بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:

bopeshawa@gmail.com

بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:

abdulla.mahmud@gmail.com

بۆ خویندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆپێشەوە سەردانی سایتی بۆپێشەوە بکەن:

www.bopeshawa.net

هاوکاری سەرنووسەر: ئاراس ڕەشید

نووسەرانی ئەم ژمارەیە:

بنار مستەفا، ئەحمەد هەورامی، شەمال بارەوانی، ئاراس رەشید، هوشیار جەمال، عەبدوڵا مەحمود، هیوا ساڵح، کاوان قادر، بێریڤان مەحمود، حەکیم میرزا،جەمال نوری، ئارام حەسەن، خالید بایەزیدی، دەشتی جەمال، حەسەن عارف

لەگەڵ دۆسیەکی تاییەت سەبارەت بە"پرسی پێکهێنانی حکومەتی عێراق"...

# ستراتیجیەتی چەك ..

**شەماڵ بارەوانی**



تۆ لە سەرووی
یاساکانمی
لەسەر پرەنسیپی
ئارەزووەکانت
یاسای بوون
دادەڕێـــژمەوە

لە پەڕلەمێنتی دڵم تۆ
دەبیت بە
سەرچاوەی بڕیاردان

ڕقت لە ئاشتی بێت
ستراتیجیەتی چەك
هەڵگرتنم لاپەسەندە

گەرتۆ پۆست لیبراڵ
بیت
جاڕی مەرگی فیکر
دەدەم

هەڵگری ئایدۆلۆجیای
فاشیزم بیت
پەرتۆکی (خەباتی
من)ی هیتلەر دەکەم
بە دەستوور

مارکسستێکی
ماتریالیست بیت
داس و چەکوچ
هەڵـــدەگرم و
دەبم بە گیڤاراییێك
ڕەگی کەپیتاڵیزمت بۆ
دەردێنم

## بەرهەمی تازەی هونەرمەند هیوا ساڵح





## دوا وتە

# خەڵکی کوردستان لە ململانێی نێوان پارتی و یەکێتیدا

**عەبدوڵا مەحمود**

پارتی و یەکێتی دوو حزب و هێزی سیاسی سەر بە خانەوادەی بۆرژوازی کوردن. ئەم دوو هێزە زیاتر لە ٣٠ ساڵە دەسەڵاتی کوردستانیان کەوتۆتە دەست، لەو ماوەیەدا بەبارتەقای چەندین کێو، قورساییان خستۆتە سەر خەڵکی کوردستان و ڕووبەڕووی دەیان مەرگەساتی وەکو شەڕی ناوخۆ، برسێتی، گرانی، هەژاری، بێکاری، بێمافی، سەرکوت، جیاکاری، نەبوونی...



کردۆتەوە. هیچ گۆشەیەک لە ژیان و گوزەرانی خەڵک نییە، نەکەوتبێتە بەردەم هەڕەشەو زەبری بەردەوامی پارتی و یەکێتییەوە. لە جەنگ و ململانێکایاندا، هێندەی بۆیان کراوە و لواوە، خوێن ڕێژی و تاوانیان ئەنجامداوە، لە کاتی بەناو ئاشتی و سازان و ڕێکەوتنەکانیاندا، هێندەی بۆیان کراوە و لواوە، خوێنمژی و زوڵمی هەزار سەریان داسەپاندووەو بێمافی و سەرکوتیان کردۆتە نۆرمی بەرێوەبردنی دەسەلاتیان.

لە سی ساڵی رابردووی دەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتیدا، نەک تاکە هەنگاو و دەستکەوتێکیان بە سودی خەڵکی کوردستان بەدی نەهێناوە، و بەرەپێشچوونێک لەئاستی ژیان و گوزەرانی خەڵکدا بەهۆی کاری ئەوانەوە رووی نەداوە، بەڵکو ساڵ بەساڵ و مانگ و بەمانگ و ڕۆژ بەڕۆژ و تەنانەت سەعات بەسەعات، بارودۆخی ژیان و گوزەرانی خەڵکی کوردستانیان، بەرەو خراپترو خراپتر بردووە.

بە بانگەشەی ئازادییەوە هاتن، هەرچی ئازادی هەیە بە پاساوی پاراستنی مقەدەساتی قەومی و دینی و نیشتیمانی و کەلتوری و ئەخلاقی و مێژوویی و پیرۆزی رابەرانی کوردایەتییەوە، قەسابیان کرد. بەناوی سەربەخۆی و ڕزگاری کوردستانەوە هاتن، پرسی سیاسی خەڵکی کوردستانیان هەراجی دەستکەوتی داهات بەرژەوەندییە حزبی و بنەماڵەیەکانیان کرد و هەموو هەوڵی خۆیان خستەگەر تا بە فیدرالیزمی پوچی قەومی خەڵکی کورستان و کوردستان بە عێراقی عروبی و ئیسلامیەوە بلکێنەوە. بەناوی چارەسەری پرسی کوردەوە هاتن و پرسی سیاسی خەڵکی کوردستانیان ئاڵۆزتر کرد و بەکردەوە بوونە ریگر لەبەردەم پرسی سیاسی خەڵکی کوردستان... بەباسی ئازادی و سەروەری نیشتیمانەوە!! هاتن و کوردستانیان کردە دوو زۆنی زەردو سەوز و خۆیان هاویشتە باوەشی بلۆکە ناوچەیەکانەوەو سوێند بە گۆری ئیمام و تورکۆت ئۆزالەکان دەخۆن. پێش لەشکری و چاوساغی بۆ نەوەکانی دەسەڵاتی ئاخوندەکان و تورکۆت ئۆزال و بەرەکات دەکەن... بەبانگەشەی ئازادی ئافرەتەوە هاتن و قەسابخانەیەکی ئاشکرایان بۆ ژن وەرێخستووە بە دەیان هەزار ژن کوژراون و تیرۆرکراون یان ناچار بە خۆکوژی و خۆسوتاندن کراون. ئەگەر جاران ژن کوشتن بە دزی دەکراو دەشاردرایەوە ئێستا لەسەر شەقامەکان و بەبەرچاوی میدیاوە ئەنجام دەدرێت و بکوژ داوەتی بەرنامە تەلەفزیۆنیەکان!! دەکرێت. بەناوی

بۆ لاپەڕە 12